دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی تێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە: ٥٥٤

یەکشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٩ ـ ٦ ی مارسی ٢٠١١ ـ ١٥٠ تەن • ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆڕاگریی ژنان

٦

سیاسی

ای ڕەشەمەو دەرکەوتنی لاوازییەکان

٩

٨ی مارس، ڕۆژێک بۆ جاڕدانی یەکسانی

لە بەرەبەری ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی ژنان و سەرجەم داواکارانی یەکسانی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان دا دەکەین. لەم ڕۆژەداو لە هەموو ساتێکی تێکۆشانمان دا، پشتیوانی «بانگی ئازادی و کوڕووی یەکسانی»ی ژنانین.

کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە پێشنیارەکەی دەوڵەتی سوئێد دەکا

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نووسینی دوو نامەی جیا بۆ هەر کام لە هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و کارل بیلدت وەزیری دەرەوەی سوئێد، پشتیوانیی حیزبەکەی بۆ پێشنیارەکەی دەوڵەتی سوئێد ڕاگەیاند.

وەزیری دەرەوەی سوئێد، پێشنیاریکی پێشکەش بە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە ئەو شورایە ڕاپۆرتێریکی تایبەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەکەیدا بۆ وەزیری دەرەوەی سوئێد سپاسی دەوڵەتی ئەو وڵاتەی کردوە و هیوای خواستوە کە ئەم پێشنیارە بەجێیەی سوئێد لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پێشوازی لێ بکرێ.

خالید عەزیزی هەروەها لە نامەیەکدا بۆ هیلاری کلینتۆن داوای کردوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو هەولێکی خۆی بۆ پەسندکرانی پێشنیارەکەی وەزیری دەرەوەی سوئێد وەگەڕبخا. سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێک لە نامەکەیدا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەنووسێ: کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی مەنشوورە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا، هەربۆیە دیاری کردنی ڕاپۆرتێریکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆلینەوە و پێراگەیشتن بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کارێکی شیاو و بەجێیە.

دەقی هەر دوو نامەکە لەم ژمارەیەی کوردستان بخوێننەوە.

بانگەواز

بۆ هەموو ڕێکخراوەسیاسییەکان و ناوەندە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە پێشوازی چوارشەممە سووری و نەوروز دا

وەک هەموو لا دەزانین لە مێژ ساڵە ڕێورەسمەکانی چوارشەممە سووری و نەوروز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێن بە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە دەسەڵاتداران و دەربڕینی ویست وداخوازە نەتەوەیی، دیموکراتیک و ئینسانییەکان.

ئەمسال لە کاتێکدا لە چوارشەممە سووری و نەوروز نزیک دەبینەوە کە ململانیی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەگەڵ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە چۆتەوە سەر شەقامەکان ونارەزایەتی دەربڕین لە درێژە کێشانی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی پێی ناوەتە قوناغێکی نوێ. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە ڕاپەرین بە دژی سیستمە سیاسییە فاسید ودیکتاتورەکان، سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داگرتوە ولەگەڵ هەر شەپۆلێکی خۆیدا، مژگێنیی ڕووخانی یەکێک لەو دیکتاتوریانە، بە دنیا ڕادەگەیەنێ.

لەهەلومەرجێکی ئەو تودا، جێی خۆیەتی دەرفەتەکانی بەردەم خەڵک، بە تایبەتی چوارشەممە سووری و نەوروز هەرچی زیاتر بۆ نیشاندانی هەلوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی و هاوپێوەندی لەگەڵ جەماوەری ڕاپەریو لە دیکتاتۆری لە سەرانسەری ئێراندا، کەلکیان لێ وەربگیری. ئەم مەبەستەش بە بێ دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵە وناوەندە مەدەنییەکانیاندا بەدی نایە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا هەموو حیزب وڕێکخراوە سیاسییەکان وکۆمەڵە وناوەندە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ پێکەوە دانیشتن ودیالۆگ و ساغبوونەوە لەسەر دروشم وحەرەکەتی دیاریکراو وبەکگرتووانە بۆ ئەم دوو بۆنەیە، بانگەواز دەکا. ئەم کارە جگە لەوەی یارمەتیی هەرچی یەکگرتوو بوون وئاماژدار بوونی هاتنەمەیدانی خەلکەکەمان بە بۆنەی نەوروز و چوارشەممە سووربیەوە دەکا، نزیکیی حیزب وڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسی ومەدەنییەکان لەیەکتر و ئامادە بوونی بە کردەوەیان بۆ هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر لە قوناغی ناسکی ئێستا دا دەگەیەنێ کە بێگومان دەبێتە مایەی دڵگەرمی وهیواداریی خەلکی خەباتگێر وئازایخوازی کوردستان لە دەسپێکی ساڵی نوێدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوەڕوانی وڵامی شیاوی لایەنەکان بەم بانگەوازەیە وهەر لە ئێستاوە، ئامادەیی خۆی بۆ هاوفکری وهاوهەڵوێستی وهاوکاری لەم پێوەندییە دا ڕادەگەیەنێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١١ی ڕەشەممەی ١٣٨٩
٢ی مارسی ٢٠١١

پیلانی سپای پاسداران بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆیەم ئاشکرابوو

ئابنووش فەرماندەیەکی پایەبەرزی سپای پاسداران لە وتارێکدا لە پارێزگای قەزوین ڕایگەیاند کە ئەگەر بیتوو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆیەم بەو شێوەیە نەبێ کە دەمانەوێ، ساڵی داهاتوو ساڵێکی خوێناوی دەبێ.

فەرماندەی سپای «صاحب الامر» لە کۆبوونەوەی چاودێرانی شورای نیگاباندا ڕایگەیاند: دەبێ زۆر وریا بین تا پیلانی بە لاڕێدا بردنی ئینقلاب سەر نەگرێ؛ ئەگەر بیتوو پیلانەکە سەر بگرێ ئەوا بە دڵنیاییەوە ساڵی ١٣٩١ ساڵی خوێن ڕشتن دەبێ، چونکە ئێمە شەڕ دەکەین و بە هیچ شێوەیەک ئجازە نادەین ئینقلاب بەلاریدا ببرێ.

ئەو فەرمانده پلە بەرزەی سپا هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا داوای لە شورای نیگابان کرد تا بە وردبینییەوە بەرنامە بۆ مەجلیسی نۆیەم دابڕێژن و تەنیا کەسانی جێگەی متمانەی ئەوان بۆیان هەبێ خۆیان بپاڵێون.

ئابنووش ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزی بە ماری چەند سەر شوبهاند و وتی دەبێ بە قسەی ئەو بەشە لە لایەنگرانی خۆمان بکەین کە داوای سزادانی ئەو کەسانە دەکەن، چونکە ئەوانە دوژمنی ڕاستەقینەی نیزامن و هەر بە دوای مەرگی خومەینییەوە دەستیان بە پیلانگێڕی کردوە و تا ئێستاش بەردەوامن.

نارەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوامە

بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست هەروا بە گوروتینەوە بەردەوامە. لە ئێران بڕیارە ڕۆژی سێ شەمەی هاوکات لەگەڵ یادی سەد ساڵەی ڕۆژی جیهانی ژنان نارەزایەتیی بەربڵاو لا تاران و شارەکانی دیکە بەڕێوەبچێ. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەلێک ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتی بەنێوازیان بڵاوکردۆتەوە و داوایان لە خەڵک کردوە بە گوڕ و تینەوە بەشداری لە نارەزایەتییەکاندا بکەن.

لە وڵاتانی یەمەن و بەحرەین و ئێراقیش نارەزایەتییەکان هەروا بەردەوامە و لە لیبیش شەڕی نێوخۆیی دەستی پێ کردووە. بە پێی وتەی هەندێک لە چاودێران نزیک بە ٣ لە سەر ٤ی خاکی لیبی کەوتۆتە دەست نارازییەکانەوە و تا ئێستاش زیاتر لە دوو هەزار کەس کوژراون. هەرچەندە دەوڵەتی لیبی ئیجازەی بە هەواڵنیران نەداوە سەردانی ئەو وڵاتە بکەن بەڵام بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ لە سەرەتای سەرهەڵدانی خەڵکەوە تا ئێستا زیاتر لە دوو هەزار کەس کوژراون.

ئەوە لە کاتێکدایە دەوڵەتەکەی قەزافی لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە کەوتۆتە ژێر فشارەوە و پۆلیسی ئینتێرپۆل بڕیاری دەسبەسەرکردنی قەزافی و هەندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی دەرکردووە.

هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بە دژی بەرپرسانی ئەو زانکۆیە

خوێندکارانی زانکۆی کوردستانی شاری سنە ڕۆژی چوارشەممە هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان بە دژ بە بڕیاری بەرپرسانی زانکۆ دەست پێ کردوە.

ئەو نارەزایەتی دەربڕینە بە هۆی پێشگرتنی بەرپرسانی زانکۆی کوردستان لە یادکردنەوەی کوڕیادی هەڵەبجە و سەر داوای ڕێکخراو و بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی زانستگا دەستی پێ کردوە و لە یەکەم هەنگاوەکانیش دا لە گەڵ پێشوازیی گەرمی خوێندکاران و دژکردەوەی توندی حەراسەت بەرەوڕوو بۆتەوە.

خوێندکارانی زانکۆی کوردستان کاتێک دەستیان بەو کارە کردوە کە لە لایەن «شورای دابینکردنی ئەمنییەت» (شورای تامین امنیت استان) بە بڕیاریک ئاگادار کراونەتەوە کە نابێ هیچ کام لە ناوەندە خوێندکاریەکان ڕێورەسمی کوریادی هەڵەبجە بەڕێوە ببەن.

لەم چالاکیەدا کە کەمتر لە ٢ کاتژمێری خایاندوە زیاتر لە ١٠٠٠ ئیمزا تەنیا لە یەکێک لە کۆلیژەکانی ئەو زانکۆیەدا لە لایەن خوێندکارانەوە کۆکراوەتەوە کە دواتر بە هیرشی هێزەکانی حیراسەتی زانکۆ کۆتایی پێ هات. هێزەکانی حیراسەت وێڕای ئەو پەلاماردیان هەڕەشەیەی گرتنتیشیان لە بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپینە کردوە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا زانکۆ فشارێکی زۆری خستوتە سەر بنکە و بڵاڤۆکە کوردیەکان و چالاکە کوردەکانی ئەم زانکۆیە و هەر لەو ڕاستایەشدا چەند بڵاڤۆکی خوێندکاری خوێندکارە کوردەکان لەوانە ڕۆژنامەی «هەژان» و گۆڤاری «کوردستان» داخران و بەڕێوەبەرانیشیان بەرەوڕووی حوکمی کومیتەی ئینزیباتی بوونەتەوە.

سپای پاسداران ٥٠ تێرۆریستی بۆ هەرێمی کوردستان ناردوە

سپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان ٥٠ کەسی ڕاهێنراویان بە مەبەستی کاری تیرۆریستی بەرەو باشووری کوردستان بەرێ کردوە.

وەزارەتـــی نێوخۆی عێراق لە پەیامێکدا ناوندەکانی هاوئاهەنگیی هاوبەش لە پارێزگەکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالەی ئاگادار کردۆتەوە کە سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان ٥٠ چەکداری ئەلقاعیدەی لە خولی فێرکاریی تایبەتدا ڕاهێناوەو بە مەبەستی کاری تیرۆریستی لە سنوورەکانی کوردستانەوە بۆ عێراقی ڕەوانە کردوون.

بە پێی ئەو پەیامە نهێنییەی وەزارەتی نێوخۆی عێراق کە ماڵپەری دەستوور بڵاوی کردۆتەوە سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان کە بە هێزی «برون مرزی»ی کۆماری ئیسلامی ناسراوە، ٥٠ ئەندامی ڕێکخراوی قاعیدەی بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کردەوەی تیرۆریستی لە سنووری مەریوان باشماخەوە ڕەوانەی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر کردوە.

لەم پەیامە نهێنییەی وەزارەتی نێوخۆی عێراقدا هاتوە کە ئەم چەکدارە ڕاهێنراوانە لە لایەن سپای قودسی کۆماری ئیسلامی بە دیاریکراوی بۆ پارێزگەکانی سلێمانی، هەولێر نێردراون تا بە پشتیوانیی گروپی ئەنساروئیسلام ئالوزی و شەڕو کێشەی لەو ناوچانەدا بنێنەوە.

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامی بەقەیران خولقێنی و دروستکردنی کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی دەیهەوێ هەرهەشەی لە نێچووون لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و لەماوەی ڕابردوودا دەیان هەوڵی تێکدەرانەی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و یەک لەوان لە عێراقدا ئاشکراو پووچەڵ کراونەتەوە.

کۆنفرانسی
پارتە کوردستانییەکان لە پارلمانی بریتانیا

پارلمانی بریتانیا و نوێنەرانی کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە پانێلێکدا ڕەوشی گۆڕانکاریەکانی جیهانیان تاوتوێ کرد.

کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکانی بریتانیا یەکێک لەو دامەزراوانەیە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دەوری باشی لە گەیاندنی دەنگی کورد لە وڵاتی بریتانیا بووە.

هەر لە پێناو ئەو مەبەستەشدا کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ١٠ ی ڕەشەمە (بەرابەر لە گەل ١ی مارسی ٢٠١١) لە هۆڵی ژمارە ٩ ی پارلمانی بریتانیا کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ زیاتر ناسناندنی پرسی کورد بە دۆستان و دیپلۆماتکارانی ئورووپایی و بریتانیایی پێک هێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە کە لە ژێر چاودێریی جێرمی کوربین، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و هەروەها جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا بەڕێوە چوو، بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەخێرهاتنی میوانەکان لەلایەن جێرمی کوربین دەستی پێ کرد.

دوای قسەکانی جێرمی کوربین، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

شاناز ئیبراهیم لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر ڕووداوەکانی ئەوداوییانەی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی وهەروەها گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان. ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژەی بە خۆپێشاندانەکان لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان کردو ویست و داوایی خۆپێشاندەرانی بەرزتر خاند و لەهەمان کاتدا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئەم خۆپێشاندانانە دەبێ دور لە توندوتیژی و کاری تێکدەرانە بن.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدائیحسان قادر، بە نوێنەرایەتیی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان وتەیەکی پێشکەش کرد و بەگشتی لە سەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان دواو پێداگری لەسەر پاراستنی دەسکەوتەکانی دەسەلاتی کوردی کردەوە.

ئیحسان قادر لە قسەکانیدا باسی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکانی کردو گرینگی پێکهێنانی ئەم ناوەندەی بەرز نرخاندو ڕایگەیاند کە پێویستە لە پێناو کاری زیاتر و باشتردا زیاتر هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان بکرێ.

لەدرێژەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەدا بەهۆی ئەوەی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیتوانیبوو بەشداریی کۆنفرانسەکە بێ، جێرمی کوربین، ئەندامی پارلمانی بریتانیا بۆ خۆی پەیامی نووسراوی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی ئەو کۆنفرانسەدا کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێش کرد.

لەدرێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا ئەم پەیامانە پێشکەش کران:

پەیامی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە لایەن جودی دباکوگلو

پەیامی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سوریە لەلایەن عارف جەبۆ وتەبێژ و بەرپرسی ڕاگەیاندن

پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور لە لایەن هەڤال ئۆزگان

پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕەحیم دەستیار

بەشی کۆتایی کاری ئەو کۆنفرانسە بۆ پرسیارو وەڵامی بەشداران تەرخان کرابوو کە تێیدا چەند پرسیارێک لە لایەن بەشدار بووانەوە ئاراستەی پانێلەکە کران و لەدوایی دا وەڵامی پرسیارەکان درانەوە.

شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکێک لە ئەندامانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیایە، بەشداریی چالاکانەی لەو کۆنفرانسەدا هەبوو.

لەو کۆنفرانسەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا و بە هاوڕێیەتیی هاوڕێیان هیوا ڕەزایی، ڕزگار قادرزادە و فەرەیدوون مەعروفی، ئەندامانی کۆمیتەی بریتانیا و کەیوان شێرزاد، بەرپرسی کۆمیتەی برمینگهام، یۆنس موکری و دیاکۆ نوری، ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن و عبدالله ئەمینی و عبدالخالق خورشیدی ئەندامانی حیزب لە بریتانیا بەشدار بوون.

پەیامی سکرتێری گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
بۆ کۆبوونەوەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان
لە پارلمانی بریتانیا

دۆستانی خۆشەویست، جێرێمی کوربین و ئیحسان قادر!

زۆر بەداخم کە ناتوانم ئەمڕۆ لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی هەموو حیزبەکوردستانییەکان لە ژووری لۆردەکان لەگەڵتان بم. ئەگەرچی لەوێ نیم، بەڵام خۆم و حیزبەکەم بەتەواوی پشتیوانی لە پرۆژەی دامەزراندنی کومیتەیەکی دائیمی بۆ کۆکردنەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستان لەژێر چەتریکدا دەکەین.

ئەم ڕۆژانە زوومی مێدیاکان و سەرنجی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی لەو ڕاپەڕینە خەڵکییانە چەقیوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەدژی دیکتاتۆرییە کۆن باو و حکوومەتە گەندەڵەکان وەڕێ کەوتوون.

لەکاتی نارەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێرانیش شاهیدی هەمان سەرنجی مێدیا و بیروڕای گشتی بووین. سەرەڕای ترساندنی خەڵک و هەڕەشەی زیندان و ئێعدام لەلایەن دەسەلاتەوە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و سەرجەم ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە بەو ڕووداوانەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دلگەرم و هیوادارن.

خەڵکی کوردستانی ئێران لە خۆپێشاندانەکانی شار و دەڤەرەکانی کوردستان و ئێراندا بەشدار بوون بۆ ئەوەی داوای ژیانێکی باشتر و دێموکراسی و ئازادی بکەن. ئەوەی ئەوان داوای دەکەن بریتییە لە حکوومەتێک کە هی خۆیان بێ و لەسەر بنەمای ئایینی و نەژادی و جینسی، جیاوازی لەنێوان هاوولاتیان دانەنێ. ڕێژیمی ئێران لەبەر ئەوە خەڵکی کوردستان دەچەوسێنێتەوە کە کوردن و ویستی نەتەوایەتیی خۆیان هەیە.

ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان یەک لەدوای یەک بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکییەوە دەڕووخێن. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرانە لەگەل بزوتنەوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە هەول دەدەین بۆ ئەوەی بەردەیەک دروست بکەین کە بتوانی لە بەرامبەر هێرشەکانی ڕێژیمی ئێراندا دیفاع لە خەڵکەکەمان بکا و ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەی جەماوەریی خەڵک بکا.

ئێمە بەهەست کردن بەو بەرپرسیاریەتییە قورسە کە مێژووی گەلەکەمان خستوویەتە سەر شانمان، لەمەودوا بۆ ئەوە هەنگاو هەڵدێنینەوە کە بە یەکگرتوویی‌یەوە بەرەوڕووی داهاتوو ببینەوە. ئێمە تەنیا لە ڕێگای هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەگەل دۆستەکانمان لە ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەتوانین بە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدرال کە لەودا مافی هەمووان یەکسان بێ و مافی کوردەکان وەدی هاتبێ بگەین. نەخشی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ یارمەتیدان بە ڕوودانی ئالوگۆڕی ڕاستەقینە یەکجار زۆر گرینگە. هیوادارم لەو بارەوە بتوانین لەسەر پشتیوانی و هاوپێوەندیی ئێوە حیساب بکەین.

بۆی کوردستان و بۆی هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی.

خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١ ی مارسی ٢٠١١

نامەی سکرتێری گشتیی حیزب
بۆ وەزیری دەرەوەی سوئێد و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

بۆ پشتیوانی لە پێشنیاری دیاریکردنی ڕاپۆرتۆری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئێران

بەڕێز خانمی هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

هەروەک بەڕێزتان ئاگادارن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژانە بەردەوام بەشێوازی جۆراوجۆر و بە پێچەوانەی مەنشوورە نێودەوڵەتییەکان مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. ئێستا کە لە شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکرێ کە چاوەدێرێک بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری بکرێ، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی بەکار بێنێ بۆ جێبەجێبوونی ئەو کارە بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران هەروا بێ لێپرسینەوە نەتوانێ چیتر درێژە بەو پێشێلکارییانە بدات.

لەگەل ڕێز و حورمەت.

خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٥ی مارسی ٢٠١١

بەڕێز کارل بیلد وەزیری دەرەوەی سوئێد

پێشنیاری وڵاتی سوئێد لە شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیاریکردنی چاوەدێرێکی تایبەت سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەنگاوێکی زۆر بەجێیە لەپێناوی بەرگری لە مافە مرۆڤییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە ڕۆژانە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێشێل دەکرێن. بەو بۆنەیەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سپاستان دەکەین و هیوادارین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشێوازی لەو هەنگاوە مرۆڤدۆستانەیەی ئێوە بکات.

خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٥ ی مارسی ٢٠١١

ئێعدامکرانی لانیکەم ٣١٣
کەس لە ماوەی ١١ مانگی ڕابردوودا

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ٤٣ کەس و لەماوەی ١١ مانگی ڕابردوودا ٣١٣ کەس لە ئێران ئێعدام کراون.

لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا جێبەجێکردنی سزای ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی ئێران لەچاو مانگەکانی ڕابردوو زیادی کردوە و لە ١٠ ڕۆژی سەرەتای مانگی ڕەبەنداندا ٢٣ کەس و لە ١٠ ڕۆژەی دووهەمدا ١٠ کەس و ١٠ کەسی دیکەش لە ١٠ ڕۆژەی سێیەمی ئەو مانگەدا دا لە ئێران ئێعدام کراون.

بەپێی زانیارییەکانی هەوالدەری «ڕهانا»، ماڵپەری مافی مرۆڤی ئێران لە مانگی ڕەبەندانداا ٣٧ کەس بە تاوانی جۆراوجۆری وەک بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان، دەستدرێژی و موحاربە ئێعدام کراون.

لەدرێژەی ڕاپۆرتی ئەم ناوەندەدا هاتووە کە لە درێژەی ئەم شەپۆلە لە ئێعدام لە ئێراندا و هەر لەو ماوەیەدا ٤ زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی جەعفەری کازمی، محەممەدی حاج عەلی ئاقایی، زەهرا بەهرامی و فەرهادی تارم ئێعدام کراون. کازمی و ئاقایی و بارامی بەشێک لەو کەسانەیوون کە لەدوای ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران دەستبەسەر کرابوون کە بەمەبەستی ترساندن و توقاندنی ڕای گشتی خەڵکی ئێران ئێعدام کران.

زەهرا بارامی هاوولاتی ئێرانی هولەندی هەرچەند بەبیانووی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەوە دەستبەسەر کراو لێپێچینەوەی لێ کرا بەلام کوتوویپر بە تومەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر ئێعدام کرا.

زانیارییەکانی ئەم ناوەندەی هەوالدەریی مافی مرۆڤی ئێران باس لەوە دەکا کە بە بڕیاری ناوەندی دەزگای قەزایی لەسەرەتای ئەو ساڵەوە تا ئێستا ٢٣١ کەس بەهۆی تاوانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر، ٢٧ کەس بە تاوانی تەجاوز بە عونف، ٢٣ کەس بەتاوانی موحاربە، ١٤ کەس بەتاوانی قەتل، ١١ کەس بە هۆکاری سیاسی و ٧ کەسیش بە تاوانی ئینسان ڕفاندن، ئێعدام کراون.

هەر بە پێی زانیارییەکانی ئەو ڕاپۆرتە ژمارەی ئێعدامکراوانی مانگی ڕەبەندان ٤٣ کەس بوون.

چاودێرانی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکەن کە جیا لەوەی کە ئەم ئێعدامانە بەوتەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ بیانووی چاکسازیی کومەڵایەتیی بەڕێوە چوون، بەڵام ئەو ئێعدامانە نەک نەیتوانیوە ڕێژی تاوانە کومەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا کەم بکەنەوە، بەڵکو لادان و یاوانەکان زۆر زیاتر لە ڕابردووش پەرەیان ئەستاندوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە، ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ باس لەوە دەکەن کە جیا لەو ڕێژەیەی ئێعدامی چالاکانی سیاسی لەبەردەست دایە، ڕێی تێ دەچێ کە ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم ژمارەیەکی زیاتر لەوەیان زیندانیی سیاسی لەژێر تاوانی دیکەدا و یان بە بێدەنگی ئێعدامی کردبێ.

خالید عەزیزی:

جووڵانەوەی ئێستای ئێران جووڵانەوەی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێرانە

ڕۆژی ٥شەممە، ١٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٩ی هەتاوی لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر وپێشمەرگەکانی حیزب پێک هات. ئەوە دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزییە:

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لێرە کۆ بووینەتەوە هەر وەک زۆربەی ئێوە ئاگادارن و ڕۆژانە تەعقیبی ڕووداوەکان دەکەن جووجۆل و جووڵانەوەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکردووە و ئەو ڕووداوانە هێندە بە خێرایی و بە دوای یەکدا ڕوو دەدەن و تەبیعەتی ڕووداوەکانیش بە لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەندە دەوڵەمەندە و لە سیاسیەتی گەورەی جیهانیدا دەوریان ئەوەندە زۆرە، کە نە تەنیا ئێمە کە بە عەلاقەوە تەعقیبی ئەو ڕووداوانە دەکەین و لەو پەیوەندییەدا چاوەڕانی ئەوە دەکەین شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە ئێران چەندە کاریگەری دەبێ، لە وڵاتانی دیکەش لە هەموو شوێنێک ئەو ڕووداوانە و ڕەوتی ڕووداوەکان کەوتوتە بەر تێبینی و بۆچوون و فۆکوسی مێدیاکان و تەنانەت بۆتە مەشغەڵەی جیدیی دەسەڵاتدارانی دنیا و لەسەر مێزی دانیشتنەکانیان و دەستووری کاری ڕۆژانەیان ناتوانن لە بەرچاوی نەگرن. بۆ ئێمە بە دەیان قات گرینگترە و لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕووداوانەدا دەبێ بزانین چۆن تەحلیلی ئێران دەکەین و چۆن ئێران لە بازنەیەکی گەورەتری ئەو ناوچەیەدا چۆن دەبینین.

لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو ڕووداوانە هەیە. لێکدانەوەیەک پێی وایە خورسکە و دەستی پێکردووە و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی وەزاڵە هاتوون و یەک بە دوای یەکدا دەیانهەوێ لەگەڵ دەسەڵات تەسویە حیساب بکەن و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و حکوومەتێکی وەڵامدەر دابمەزرێنن. بۆچوونێکیش دەڵێ: ڕووداوەکانی ئێران، تەبیعەتی دەوڵەمەندی کێشەکانی ئێران هەر لە دوای ئینقلابەوە بە تایبەت لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا، بێ تەئسیر نەبووە لەسەر نەوعێک غیرەت دان و شەهامەت دان بە کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بەو جۆرە دەست پێبکەن. هەر دووی ئەو لێکدانەوانە دەتوانن دروست بن. بەڵام بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە لە لێکدانەوەی خۆمان و هەڵسەنگاندنی خۆمان و دەرسێک کە لەو ڕووداوانە وەری دەگرین، چۆن کەڵکی لێ وەردەگرین لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا.

ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی کە ئێستا کۆتایی نەهاتووە و لە هەر وڵاتەی بە تەبیعەتی پێکهاتەی دەسەڵات لەو وڵاتە و چۆنێتی جموجۆڵی جەماوەر لەو وڵاتەدا شێوەی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە. زەمانی تەسویە حیسابی کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ دەوڵەت لە میسر جۆرێک بوو، لە تونیس جۆرێکی دیکە بوو، لە لیبیش ئێستا بە ئاقاریکدا دەڕوا، لە یەمەن بە شێوەیەکی دیکە دەستی پێکردووە. هەروەها لە وڵاتانی دیکەی دەوروبەریش پرسیارێکی زۆری دروست کردووە. ئێمە لەو باوەڕەداین و پێشتریش ئەوەمان ڕاگەیاندووە و تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ژمارەی وڵاتانی دیکتاتۆر و ئیستبدادی کەم دەبێتەوە. مادام ئێستا ڕێژەی ئەو دەسەڵاتانە کەم دەبێتەوە، زۆر سروشتییە هەمووی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەو سیستمە ئیدارە دەکرێن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەوتەی کە بە گشتی لە دنیادا دەستی پێکردووە. لە دنیای ئێستادا دەسەڵاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری قابلی قبوول نیە و زۆر بە ڕاحەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ڕەنگە لێرە بڕێک زەمانێکی زۆرتر بکێشێ.

لە یەک ڕووەوە کێشە لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران وەک یەکە. ئەویش ئەوەیە هەم لە ئێران و هەم لە وڵاتانی عەرەبی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆمەڵانی خەڵک لە بەرەیەک دان و ئیستبداد و دیکتاتۆری لە بەرەیەکی دیکەدایە. کۆمەڵانی خەڵک دێموکراسی و ئازادییان دەوێ، حکوومەتێکی وەڵامدەریان دەوێ، بەڵام دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری جوابیان ناداتەوە. بەڵام لە یەک شتدا جیاوازن، جیاوازییەکە لەوەدایە لە تونیس و لیبی و میسر و بەشێی زۆری وڵاتانی عەرەبی یەک وڵات بە قەوارەیەکی یەک ڕەنگ کێشەی لەگەڵ دەسەڵات هەیە. لە تونیس و لیبی و میسر و یەمەن و سوریە و ئوردۆن و ئەوانە یەک نەتەوە بە یەک زمان و تەقریبەن بە یەک مەزهەب لەگەڵ یەک هاوەدەنگ و هاوڕەنگن و کێشەیان لەگەڵ دەسەڵات هەیە. ئەوە ئێران لەو وڵاتانە جیا دەکاتەوە.

ئێمە لە ئێراندا شاهیدی پانتاییەکی گەورەی جوغرافیایی ئێران هەین کە تەنەوەعاتێکی جۆراوجۆری لە نەتەوەکان تیدا هەیە و هەرکام لەو نەتەوانە بە تەبیعەتی حەشیمەتی خۆیان و ڕادەی حەشیمەتەکەیان و مەوقعییەتی خۆیان لە چەندوچۆنی دامەزراندنی دەسەڵات لە ئێران و چۆنیەتی تەعامووڵ لەگەڵ دەسەڵات لە ئێران ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە ئێمە تەحلیلی ڕووداوەکانی ئێران بکەین، دەبێ ئێمە قورسایی بدەین بەو لێکدانەوەیە بە تەبیعەتی ئەوەیکە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە پانتایی سیاسی ئێران، لە جوغرافیای سیاسی ئێران لەگەڵ کێشەیەک بەرەوڕووین و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و داخوازی خۆمانەوە تەعامووڵ لەگەڵ تاران دەکەین. لەو ڕوانگەیەشەوە ئێمە تەعامووڵ لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز، تەعامووڵ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە لەسەر چەندوچۆنی داهاتوی دەسەڵات لە تاران کێشە دەکەن، دەچینە نێو مەیدانی کێشەکان. ڕووداوەکانی ئێران گەیشتوتە ئاستێک کە ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر دنیای دەرەوە گرینگی بە کێشەکانی ئێران دەدەن. ئەگەر لە سەردەمێکدا بە تەبیعەتی مەترسی ئەمنییەتی ئێران بۆ ناوچەکە و بەرزەفڕی ئێران لە مەیدانی کێشەی ئەتومیدا دنیای دەرەوەی نیگەران کردبوو، دواتر جموجۆڵەکانی دوای هەڵبژاردن ڕەنگێکی دیکەی بە سرووشتی کێشەکان بەخشی. فاکتۆری نارەزایەتیی خەڵک و ئەوەیکە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا جمهووری ئیسلامیان ناوێ، بەو مەسەلەیەی زیاد کرد و ئەوەش یارمەتی کرد کە دنیای دەرەوە خوێندنەوەیەکی دیکەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ئێران هەبێ. کە نەخێر ئەگەر لەگەڵ ئەو سیستمە و ئەو دەوڵەتەش لەسەر مەسائیل و کێشەی ئەتومی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سازش بگەن، کێشەکە تەواو نابێ. هاتنە گۆڕی ئەو فاکتورە بە باوەڕی من یارمەتی بەوە کرد کە دنیای دەرەوە لە تەنیشت ڕوانینی ئەمنییەتی خۆی بەرامبەر بە ئێران، بەڕێزینە سەر مافی مرۆڤ و وردەوردە لەو پێناوەشدا فشار بۆ ئێران بێنن ئەو مەوزوعە زیاتر لەسەر مێزی دەسەڵات و دەستووری کاری ئەواندا باسی لێ بکرێ. لانیکەم لەو دواییانەدا ئێمە هەڵوێستی ئەمریکا و هەڵوێستی یەکێتی ئۆروپامان بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو شەفافتر بینی.

فاکتۆرێکی دیکە کە بۆ جارێکی دیکە تێبینییەکی زۆری لەسەر ئێران هێناوەتە گۆڕێ و دیسان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا ئێرانی خستۆتەوە ژێر فۆکوس، ئەویش ئەوەیە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەتایبەت لە ڕێبەندان و سەرەتای ڕەشەمەدا جموجۆڵی جۆراوجۆری کۆمەڵانی خەڵک لە شەقامدا هەرچەند دەسەڵاتی نیزامیی مەجالی پێ نەدان، ئەوەی نیشانداوە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەهەر فورسەتێک بۆیان هەڵکەوێ لەگەڵ ئەو ڕێژیمە تەسویە حیسابی خۆیان دەکەن. چۆنیەتی هەڵسووکەوتی دەسەڵات لەگەڵ کەرووبی و مووسەوی لە دنیای دەرەوە بۆ جارێکی دیکەش فاکتۆرێکی دیکەشی پێوە زیاد کردووە. ئەگەر جاران باسی دەسەڵاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری لە وڵاتێک دەکرا، دنیای دەرەوەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە هەمیشە لە سۆنگەی ئەمنییەتی و سیاسەتی گەورەوە تەنزیمی سیاسەتی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەکرد، ڕەنگبێ بەدوای ئۆپۆزیسیۆندا گەڕابا. کاتێک کێشە لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئیستبداد و دیکتاتۆری دەکرێ، کێشەکە کە تەبیعەتی خەیابانی خۆی هەیە، سەرچاوەی گرتووە لە ئیحساساتی دژی دەسەڵاتی خەڵک و نارەزایەتی کۆمەڵایەتی، نارەزایەتی ئابووری، بێ مافی. بەڵام یەک شت هەمیشە پرسیارە لە چەندوچوونی ئەو کێبرکێیەدا، ئەویش ئەوەیە ئەو تەژاهورات و خۆپیشاندانانە کە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوا نەتیجەیەک بدا، کێ جێی دەگرێتەوە، لە تونیس پرسیار ئەوە بوو. باشە ئەوە سەرۆکی تونیس دەڕوا، ئەی دوای ئەو کێ؟ لە میسر پرسیار ئەوەبوو موبارەک دەڕوا، ئەی کێ؟ لە لیبی ئەم پرسیارە هەیە قەزافی نەمێنێ ئەی کێ؟ بۆیە لە کێشەی دەسەڵات و لە ئینقلابانەکاندا جیاواز لە تەبیعەتی ئینقلاب ڕۆژێکە و دە ڕۆژە و مانگێکە و ساڵێکە، گەورەترین پرسیار ئەوەیە ئالتێرناتیو چیە؟ ئەو «کێ»یە هەم لە نێو نیوخێی ئێران و هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دژی جمهووری ئیسلامی و هەم لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک پرسیارێکی گەورە لە گۆڕی دایە. بۆ ئەوان کە لە دەرەوە دوراودوورن، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە ڕۆژانە لەگەڵی دەژین و ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی کە بە تەفاوەت نین و بە بەرنامە بۆی دەچین. ئەو پرسیارە بۆ ئێمە دەبێ گرینگترین بێ. ئێستا لە نیوخۆی ئێران ئێمە لەگەڵ پانتاییەکی سیاسی ڕووبەڕووین، لەلایەک دەسەڵات گەیشتوتە قوناغەکانی ئاخری خۆی. لەو حالەتەدا دوو ڕێگا هەیە: یان پاشەکشە دەکا و وردەورد لە مەیدان دەچێتە دەری. یان نەخێر بە ئاسانی مل نادا و وەک ئەوەی کە ئێستا لە لیبی دەبینین. بە تەبیعەتی دەسەڵاتی نیزامیی جمهووری وا دیارە دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامی میکانیزمی پاشەکشە و گۆیدان و پاشەکشەی مەرحەلە بە مەرحەلەی هەڵنەبژاردوە تەنانەت نەک بڵێم لە بەرامبەر ئێمەدا کە بە هیچ جۆر وەک سیستمی جمهووری ئیسلامی فکر ناکەینەوە و بۆچوونێکی دیکەمان هەیە لەسەر چۆنیەتی ئیدارەی وڵات و دیموکراسی و فرەنەتەوەیی و مافەکانی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئەوان بەرامبەر بەوانەیکە دەورانێک «خودی» بوون.. لە دەسەڵاتدا بوون، بەرامبەر بەوانیش حازر نین پاشەکشە و سازش بکەن. ئەوە بۆچوونی دەسەڵاتە. لە بەرامبەردا ئێمە لە نیوخۆی وڵات جووڵانەوەیەکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکمان لە پێشدایە. ئەو جووڵانەوەیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بە تەبیعەتی مەجال و دەرفەت لە سیستمێکی زۆر نیزامی ئێران ئیدارە دەکا، هەوڵی داوە بە مناسبەتی جۆراوجۆر بە پێی توانای خۆی بە کۆمەڵانی خەڵک و بە دەسەڵات و بە دنیای دەرەوە بڵێی کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە نیوخۆی ئێران جمهووری ئیسلامییان ناوێ و ڕۆژبەڕۆژ ئالقەی «خودی»یەکانی جمهووری ئیسلامی بەرتەسکتر دەبێتەوە. شکڵی سیاسی ئەو جووڵانەوەیە و نارەزایەتی ئێستا کە لە نیوخۆی ئێران بە نیوی جووڵانەوەی سەوز ناسراوە، جووڵانەوەی سەوز لە ڕوانگەی ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبێکی سیاسی نییە.

جووڵانەوەی یەک میللەت لە میللەتانی ئێران نیە. جووڵانەوەی موخالیفینی جمهووری ئیسلامی تەنیا لە نیوخۆی دەسەڵات نیە. بەڵکوو بەرەکی بەربەرینی جەماوەرییە کە چین و توێژی جۆراوجۆر بە بۆچوونی جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی ئێران لە بۆچوونەکانی جۆراوجۆر، لە دانیشتگاکان و شوێنی کارەوە بگرە هەتا گوند و شاری تیدا بەشدارن. بۆیە ئەو جووڵانەوە ئی هەموو خەڵکی ئێرانە. بەڵام سرووشتییە هیچ جووڵانەوەیەک بێ ڕەهبەر و بێ سەمبوول نابێ. ئەگەر ئەو جووڵانەوەیە لە نیوخۆی ئێراندا شکڵی گرتووە و هاتوتە گۆڕێ و خۆی پێناسە کردووە، زۆر ئاساییە ڕێبەران و سەمبولەکانی ئەو جووڵانەوەیە کەسانێک بن کە لە نیوخۆی ئێران دا هاتوونەتە گۆڕێ و بە تەبیعەتی ئەو کێشانەی کە لەگەڵ دەسەڵات بوویان بەتایبەت دوای هەڵبژاردن، هەر ئەوانە بناسرێن. خۆ زۆر ئاسایی نەبوو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات یان ئەو حیزبانەی لە دەرەوەی وڵاتن بینەوە و بچنەوە نێو خەڵک و ئەوان بە ڕێبەر بناسێندرێن. هۆیەکەی ئەوەیە ئێمە ئەو حیزبانەمێن یان غەیرە قانوونین یا مەجالی ئەوەمان نیە.

چۆن تەعامووڵ لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە دەکەین؟ مادام ئێمە لە مەرحەلەی یەکەمدا پێناسەی خۆمان لەو جووڵانەوەیە کرد و ئەوەیکە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەش چۆن ساز بوونە، ئێستا ئێمە چۆن لەگەڵی دەجووڵێینەوە؟ سیاسەتی ئێمە تا ئێستا بەرامبەر بەو جووڵانەوەیە ئاوا بووە: جووڵانەوەیەک لە نیوخۆی ئێران لە گۆڕی دا هەیە، جمهووری ئیسلامی بە چاڵش کێشاوە، لە نێو ئەو جووڵانەوەیە دروشمی جۆراوجۆر هەیە، هەموی ئەو دروشمانە حەقی خۆیانە و لە جێی خۆیدان. چوون کۆمەڵگای ئێران لە ڕووی نەتەوەییەوە، فرەنەتەوەییە و لە ڕووی سیاسییەوە فرەبۆچوونە، لە ڕووی تەشکیلاتییەوە فرە ڕێکخراوەییە. تەبیعەتی موتەنەوعی ئەو دروشمانە لە شەقامی ئێرانی زۆر زۆر ئاسایی یە و ئێمە قەت نابێ حساسیەتمان بەرامبەر بەوە هەبێ. بۆ ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی، هونەرەکەمان دەبێ لەوەدا بێ کۆمەگ بەو عەقلییەتە بکەین لە سەحنەی سیاسی ئێران، هەموو لایەکمان بە حیزبە سیاسییەکان و لایەنەکان ئەو واقعییەتە دەرک بکەین. بە جۆرێک تەعامول بکەین کە ئەو گردبوونەوەیە، و ئەو بەرە بەرینەی دژی جمهووری ئیسلامی تووشی لێک پچڕان نەبێ. تووشی لەت بوون نەبێ. ئێمە لە مەرحەلەی ئێستادا، هەمووی ئێمە بە سەوز و بە موخالیفینی سیکۆلاری جمهووری ئیسلامی و بەوانەیکە دروشمی ڕووخانی جمهووری ئیسلامی دەدەن و بەوانەیکە دروشمی فیدرالیزم دەدەن، هەموومان ئێستا پێویستیمان بە یەکە لە بەرەی دژی جمهووری ئیسلامیدا بین.

ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆچوونەکانمان ئاوا بووە. ئێمە تیدەکۆشین لە هەر شوێنێک قسە و بۆچوون و هەڵوێستێکی واقیعبینانە و مەنتیقی لە دژی ئەو سیستمە هاتە گۆڕی وەلەو تەواو لەگەڵ ئێمەش نەبێ، تەشویقی بکەین. لەو شوێنانە کە جۆرێک هەست دەکەین پاشەکز بوونەوەی تیدا هەیە و بۆچوونێکی غەیرە ڕادیکاڵ و بۆچوونێکی کە بڕێک بیهەوێ لە جووڵانەوەکە سووئیستفادە (سوءاستفادە) بکا، بە قازانجی خۆی، لە قاو بدەین. دەقیقەن واتای سیاسەتیش هەر ئەوەیە. کەرووبی و مووسەوی تەبیعەتەن وەک ئێمە بیر ناکەنەوە کە ئێمە چۆن لە سی ساڵی ڕابردوودا باسی ڕووخانی جمهووری ئیسلامی دەکەین، وەلە لێکدانەوەی خۆماندا دەڵێین جمهووری ئیسلامی وەک سیستمێک ناتوانرێ بگۆڕدرێ، ناتوانی دیموکراتیک بێ و ناتوانی مافە دیموکراتیکەکان، مافی ژنان، مافی نەتەوەکان چارەسەر بکا، ئەوان بۆچوونێکی دیکەیان هەیە. ئەوان بە بۆچوونێکی نیسلاح تەلەبی لە دژی دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامی دەجووڵێنەوە. ئێمە لەو

جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە، کە باشترین شت کە تەزمینی ئەوە دەکا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی ڕووداوەکانی ئێران دا بتوانێ بە باشی لەگەڵ چەندو چۆنی ڕووداوەکان تەعامول بکا، ئەوەیە ئەو نەتەوەیە بە جیاوازی لەگەڵ هەموو تەنەوعاتێکی ناوچەیی، زاراوەیی و مەزهەبی، یەکگرتوو بێ و لە سەرەوەی ئەوانەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوو بن

ل ٤

کۆماری ئیسلامی و گەمەکردنی لەگەڵ ئالۆگۆڕەکانی ئەم دواییانەدا

عەلی بداغی

شەپۆلی خێرای رووداوەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و باکووری ئەفریقا دوورەدیمەنەکانی ئەو ئالوگۆڕ و رووداوانە تاڕادەیەک ئاستەم دەکا. ئەوەی لەو نێوەدا تا ئێستا روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەموو ئەو وڵاتانەی تا ئێستا ئەو شەپۆلەیان تی کەوتوە و خەلکەکەیان بەرەوڕووی دەسەڵات بوونەوەتەوە، لە چەند ئامانج و مەبەستی هاوبەش و وەک یەک دا یەک دەگرنەوە.

لە بینینی یەکەم دا دابەرەوەریی کۆمەڵایەتی، راپەرین دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری، گەندەڵیی دارایی و ئیداری و سەرکوتی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، خاڵی وەک یەک و هاوبەشی هەموو ئەو سەرهەڵدان و بزووتنەوانە بوون کە تا ئێستا وڵاتانی تونیس، میسر، یەمەن، بەحرەین و لیبی و لەم دواییانەشدا بەشێکی زۆر لە شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە.

بینینی دووەم ئەوەیە رەوتی ئەو رووداوانە دەرخەری ئەو راستییە سیاسییەن کە وڵاتانی ناوچە بەرەو ئەو شتەی ناوی رۆژهەڵاتی نێوەراستی گەورەی لێ نراوە، هەنگاو دەنێن. لە بیرمانە کە دەوڵەتی پێشووی ئەمریکا بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندە ستراتیژیکییەکانی لەدیموکراتیزە بوونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا، لە زۆر رەهەندەوە هەوڵی بۆ دا، بەلام ئێستا ئەوە خەلکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیانن کە بە هاتنە سەرشەقام و سووربوون لە سەر داواکانیان خەریکن ژیۆپۆلیتیک و پێکهاتەی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتەکانیان دەگۆڕن.

لەو پێوەندییەدا خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی ژیانەکییان بە دیموکراسی، دەسەڵاتی گەلی، سەروەریی قانوون و بایەخدان بە ئازادییە تاکەکەسی و گرووپی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانیانە. جگە لەمە رەوتی ئەو رووداوانەش هەر لەو چەند وڵاتەدا قەتیس نامینێتەوە کە تا ئێستا سەرهەڵدانەکان و شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک گرتوونیەوە، بەڵکوو وریاکردنەوەیەکیشن بۆ هەموو دەسەڵاتە ملهوڕەکانی ئەو ناوچەیە کە لە رواڵەت دا خۆیان بە پارێزراو لە شەپۆلی ئەو ئالوگۆرانە دەبینن.

لەو نێوەدا کاریگەریی ئێران لە سەر ئەو رووداوانە و کارتێکەریی ئەو رووداوانە لە سەر کەشی سیاسیی ئێران و هەروەها کاردانەوەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر ئەو ئالوگۆرانە جێی سەرنج و بایەخ پێدانن.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانەکاندا کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چەواشەکاری بانگەشەیەی ئەوەی دەکرد کە ئەو راپەرینانە شۆرشی ئیسلامین. خامنەیی لە نوێژی هەینیی حەوتوویەک بەر لە سەرکەوتنی شۆرشی میسردا بە ئاشکرا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە شۆرشی ئیسلامیی خەڵکی میسر دەکا، بەلام تەنیا چەند سەعات دوای ئەوە ئیخوانولموسلمین بە توندی بەرپەرچی ئەو قسانەی خامنەیی دایەوە و رایگەیاند کە ئەوە شۆرشی ئیسلامی نیە، بەڵکوو شۆرشی جەماوەری خەڵکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دیموکراسی. پێشتریش راشد ئەلغەنووشی، رێبەری رەوتە ئیسلامییەکانی تونیس رایگەیاندبوو کە نە راپەرینی وڵاتەکەی ئیسلامییە و نە ئەویش خومەینییەکی دیکەیە.

لە یەمەن و بەحرەینیش کە نزیکەی سەتا ٧٠ ی حەشیمەتەکەی شیعەن و کەمینەیەکی سوننی مەزهەب دەسەڵاتیان بە سەردا دەکەن، ئەوە گرووپە ئیسلامییەکان نین کە سەرکۆکایەتیی راپەرینەکان دەکەن و، ئامانجەکانیش بە دەسەڵات گەیشتنی رەوتە ئیسلامییەکان نین، بەڵکوو دروشم و خاڵی لە دەوری یەک کۆکەرەوەی هەموو هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە، حکوومەتی قانوون، دیموکراسی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانە.

رەنگە ئەو ئالوگۆڕانە لە یەکەم هەنگاو دا گۆڕانی بە سەر کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی و بالانسی هێز و بەرژەوەندییەکان دا هێنابێ و لەوانەیە لە کورتخایەن دا تاڕادەیەک بە قازانجی ئێران شکابێتەوە، بەڵام بە سەرنجدان بە ماهییەت و رێبازی ئەو راپەرینانە، رەوتی رووداوەکانی داهاتوو بە زیانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دەشکێتەوە.

خاڵی زۆر زەق و جێی سەرنج لەو پێوەندییەدا هەڵویست و ئاخاوتنی ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا بە بێشەرمیی تەواوەوە ئامۆژگاریی قەزافی دەکا کە بە نەرم و هێمنانە لەگەڵ خەڵکی راپەڕیو هەڵسوکەوت بکا، کە بۆ خۆی و رێژیمەکەی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتدارتیان و بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوو بە ئاگر و ئاسن و بە توندوتیژترین شێوە وڵامی داخوازیی خەڵکی ئێرانیان داوەتەوە. ئەویش لە کاتێک دا کە خەڵکی ئێران تەنیا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە دزرانی دەنگەکانیان هاتبوونە سەرشەقام.

ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا بە بێشەرمیی تەواوەوە ئامۆژگاریی قەزافی دەکا کە بە نەرم و هێمنانە لەگەڵ خەڵکی راپەڕیو هەڵسوکەوت بکا، کە بۆ خۆی و رێژیمەکەی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتدارتیان و بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوو بە ئاگر و ئاسن و بە توندوتیژترین شێوە وڵامی داخوازیی خەڵکی ئێرانیان داوەتەوە

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ئەو رووداوانە دایە.

ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر رووداوەکانی ئەو دواییانەی لیبی، قەزافی، سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەی وریا کردۆتەوە کە بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەی نەکا و رێز لە بۆچوون و ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی بگرێ.

ئەو جۆرە ئاخاوتنانەی ئەحمەدی نژاد ئەگەر لە لایەک ئەوپەڕی ریاکاری و چەواشەکارییان پێوە دیارە ، لە لایەکی دیکەشەوە بێرێزی و گاڵتە کردن بە هەموو شعووری خەڵکی ئێران و ئەو وڵاتانەشە. وەک بڵێی کە لە سەردەمی راگەیاندنی جیهانیدا خەڵکی لیبی و ئێران ئاگایان لە رەوتی رووداوەکانی وڵاتانی دیکە نیە.

چونکە ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا بە بێشەرمیی تەواوەوە ئامۆژگاریی ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا کە ریز لە ویست و ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی بگرێ، کە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوودا زۆر بە رووتی باسیان لە داوا و ویستەکانیان کردوە و لە پێناو نواندنی ئەو ئیرادەیەدا قوربانی دەدەن و گیان بەخت دەکەن و بە بڕیاری ئەحمەدی نژاد دەگیرێن و دەخرێنە زیندانەوە و ئەشکەنجە دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر.

ئەحمەدی نژاد روو بە رێبەرانی وڵاتانی عەرەبی باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی ئەم سەردەمە پێویستییان بە زانیاریی جیهانییە. ئەو قسانەش لە کاتێک دا دەکا کە ئێرانی بندەستی دەسەڵاتەکەی گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانە و هەرچەشنە رادەربڕینێکی ئازاد لە وڵاتەکەی خۆیدا بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ و هەموو پێوەندییەک و تەنانەت کورتەنامە و sms ی خەڵکەکەش خراونەتە ژێر چاودێری و سانسۆرەوە.

ئەحمەدی نژاد لۆمەی قەزافی دەکا و دەڵێ کە پێم سەیرە لە دنیادا دەسەڵاتێک هەبێ کە بە ئاگر و گوللە وەڵامی خەڵکەکەی خۆی بداتەوە، هەر وا بزانە کە کیانووش ئاساکان، نەدا ئاقا سولتان و سانع ژالە و موختارییەکان لە وڵاتەکەی خۆی دا بە بڕیاری خۆی نەدراونەتە! بەر دەسڕێژا! یان ئەوەی لە ئێران رادەبڕێ، کە هەر هەمان وەدەنگ هاتن و داواکردنی ماف و ئازادییەکانیەو، جیاوازە لەوەی کە لە وڵاتانی دیکە رادەبرێ.

بە سەرنجدان بەو ئاخێوانە ناکرێ باس لەوە نەکرێ کە بە راستی بێشەرمی و چەواشەکاریی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی هیچ بەربەست و سنوورێک ناناسێ.

درێژەی

قسەکانی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب

مەنشوورانەی کە تا ئێستا ئەوان دەریانکردووە، مەنشوورەی یەک و دوو، هەمیشە تەعقیبمان کردوە، و هەولمان داوە لەو شوێنانەی لە پێوەندی لەگەڵ دیموکراسی، کە رەنگە وەک ئێمە فکر نەکەنەوە، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکان کە رەنگە وەک ئێمە فکر نەکەنەوە، بەلام بە جۆرێک ئەو بەحسانە دێننە گۆڕێ، لە پێوەندی لەگەڵ قانوونی ئەساسی کە باس لەوە دەکات لە داهاتوودا تەنانەت لە کەش و هەوایەکی موناسبدا دەستی تێوەربدرێ، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی کۆبوونەوە، لە پێوەندی لەگەڵ زۆر شت کە شتی رۆژانەی ئێمەیە بەلام ئەوان بە ئەدەبیات و زمانێکی دیکە دەیڵێن، ئێمەش بە ئەدەبیات و زمانێکی دیکە دەیڵێین. لە هەمووی ئەوانەدا، پرد لە بەینی خۆمان و ئەوان دروست بکەین لە عەینی حالیشدا تێدەکۆشین پێیان بڵێین بۆ ئەوەیکە ئەو کۆمەڵگایە زۆرتر لەگەڵ ئێوە بێ، ئێوە دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بچنە پێش.

ئێستا ئەو دوو نەفەرە لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا، وەکی زۆرێک لە رێبەرانی ئەو وڵاتانەی کە لە زیندان دان، وەک رێبەری ئازادیخوازانی بێرمە و وڵاتانی دیکە، نێویان هاتوتە نێو نێوان و وڵاتی ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا و شوێنە جۆراوجۆرەکان داوای ئازادییان دەکا. باسەکەی من لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بەرامبەر بەو دوو کەسە بێ تەفاوەت بین. مادام ئەو دوو کەسە لە مەیدانی سیاسییدا هەن و مادام ئێمەش ناتوانین بێ تەفاوەت بین، بنەمای بۆچوونەکانی خۆمان لەسەر ئەوە دادەنێین کۆمەگ بەوە بکەین کە ئەقلییەت و بۆچوونی ئەوان رادیکاڵتر بێتەوە،وەک گرینگیدان بە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان و زۆر شتی دیکە. ئەوەیکە ئێستا بگونجێ، بەهێزتری بکەین. وە چۆن ئەوەیان لەگەڵ باس دەکەین و چۆن ئەوە لەگەڵ رێبەرانی دیکەی جووڵانەوەی سەوز باسی دەکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە، لە تەبیعەتی جووڵانەوەکانی میسردا کاتێک جووڵانەوەکان دەستیان پێ کرد و خەڵک هاتنە سەر شەقام، رۆژ بە رۆژ دەسەڵات مەجبوور بە پاشەکشە بوو، رۆژ بە رۆژ داخوازییەکانی خەڵک بەرزتر دەبووەوە. لە جووڵانەوەی ئێراندا کە وەسیعتر بێتەوە و مەجاڵ زۆرتر بێتە گۆڕێ، و خەڵک بێنە سەر شەقام و بۆچوونی جیاواز بچێتە نێو شوعارەکان. دڵنیام لەوێشدا زۆر لەو شتانەی کە ئێستا ئێمە ناتوانین پێشبینی بکەین و تەنانەت بەرێوەبەرانی سەوزیش ناتوانن پێشبینی بکەن، رەنگە ئالوگۆڕەکان لە ماوەی حەوتوو، دوو حەوتوودا وای لێ بێ کە ئەو دروشمانەی ئەوڕۆ دراوە، حەوتوویەکی دیکە نەدرێتەوە. لە مەنشوورو خوێندنەوەو تەوافوقەکاندا ئەوەیکە مانگێک پێش ئێستا نووسراوە، بە جۆرێکی دیکە باسی لێبکرێتەوە، یانی مەبەستم ئەوەیە ئەو شتانە کە بە مروورى زەمان ئێمە دەیخەینە سەر شەقام و نێو خەڵک جێبەجێ بکرێ.

کۆماری ئیسلامی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیەدا ستراتژییەکەی ئەوەیە، یەکەم تێ بکۆشێ ئەو بەشە لەو جووڵانەوەیە کە مەزهەبین و لەسەر بنەمای ئیسلاحات دەچنە پێشێ و لەویدا ناسراون بە شێوەی جۆراوجۆر، یەکەم زیندانییان بکا. لە ماسیمیدیا و راگەیاندنا مەحدوودیان بکاتەوە و نەهێڵێ دەستیان بە دەرەوە بگا، ئەوە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ نوخبەکانیانە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکیش سەرکوب و خشوونەتی هەڵبژاردووە واتە پاشەکشەی سیاسی ناکا، ملکەچ نابێ بەرامبەر بە داخوازییەکان، یا دەبێ سەرکوب و خشوونەت ئێدامە بدا تا دەڕووخێ، دەنا ریگای دیکەی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە. وادیارە ئێستا ئەو ریگایەی هەڵبژاردووە کە لە لیبی دەیبینین و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک هەر دەبێتە ئەو چارەنووسەی کە لە شەقامی لیبی دا دەبینرێ یا بە شێوەیەکی تر.

فاکتورێکی دیکە کە لە ماوەی رابردوودا زۆری یارمەتی داوە بە هوشیاری کۆمەڵانی خەڵک لە هەمووی ئەو وڵاتانە، ئەوەیە کە دەوترێ بەجیهانیبوونی هەموو شتەکانە. سەردەمانێک ئینقلاب دەکرا لە وڵاتێکدا، وڵاتی دراوسێی نەیدەزانی لەو وڵاتەدا چ دەگوزەرێ. نەقلێک دەگێڕنەوە دەڵێن لە سەردەمی ئێستالین دا بوومەلەرزەیەک لە ئەرمەنستان هات ١٥ تا ٢٠ هەزار کەسی تێدا کوژرا بەلام دراوسێکانی ئەرمەنستان نەیاندەزانی. لە سەردەمی گۆرباچۆفیش بوومەلەرزەیەک هاتەوە تەواوی دونیای تی گەیشت. ئێستا ئەگەر شتی لەوە بچوکتر روو بدا، هەمووی دونیا بە ماوەیەکی کورت دەیزانێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ تێبکۆشین لە تەبلیغات و لە سازماندەهی و لە تەشکیلاتی خۆمان لەنێوخۆی وڵاتدا بایەخێکی زۆرتر بەو تیکنۆلۆژیە بدەین و زۆر لەو تیکنۆلۆژیە لە پێناو مەبەستەکانی خۆمان دا کەڵک وەرگرین. رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ماوەیەدا بە لێکدانەوەی ئێمە بە موناسبەتی جۆراوجۆر لە چەند مانگی رابردوودا نیشانی داوە کە لە مەیدان دا هەیە. نیشانی داوە کە لە فورسەتی موناسب کە بۆی دەگونجێ و مەوقەعییەتی ئەمنییەتی ئێران ئیجازەی پێدەدا، نارەزایەتیی خۆی دژی جومهووری ئیسلامی نیشان بدا و لە حەددی توانای خۆیدا ئیعترازاتەکەی بێنێتە گۆڕێ و ئیعترازاتی کوردستانی ئێران هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات تا رادەیەکی زۆر مونعەکیس بۆتەوە، بۆیە مەسەلەی ئێستالین دا بوومەلەرزەیەک لە ئەرمەنستان هات ١٥ تا ٢٠ هەزار کەسی تێدا کوژرا بەلام دراوسێکانی ئەرمەنستان نەیاندەزانی. لە سەردەمی گۆرباچۆفیش بوومەلەرزەیەک هاتەوە تەواوی دونیای تی گەیشت. ئێستا ئەگەر شتی لەوە بچوکتر روو بدا، هەمووی دونیا بە ماوەیەکی کورت دەیزانێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ تێبکۆشین لە تەبلیغات و لە سازماندەهی و لە تێدەکۆشی ئەو کێشانە بکشێتە مەیدانی خشوونەتەوە و ئیبتکارەکە بە دەستەوە بگرێ کە کێشەکان بە خشوونەتەوە وڵام بداتەوە.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە، کە باشترین شت کە تەزمینی ئەوە دەکا کە ئەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی رووداوەکانی ئێران دا بتوانی بە باشی لەگەڵ چەندو چۆنی رووداوەکان تەعامول بکا، ئەوەیە ئەو نەتەوەیە بە جیاوازی لەگەڵ هەموو تەنەوعاتێکی ناوچەیی، زاراوەیی و مەزهەبی، یەکگرتوو بێ و لە سەرەوەی ئەوانەدا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوو بن. دڵنیام ئێمە ئەگەر ئەو یەکگرتوییەمان هەبێ و لێک حالیبوونەمان هەبێ و یەکتر تەحەمووڵ بکەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا، رووداوەکانی ئێران بەرەو هەر ئاقاریک بڕۆن، بە هەر شێوەیەک بڕۆن، ئێمە دەتوانین لەوێ دەورێکی باشمان هەبێ و مافەکانی نەتەوەیی و دیموکراتیکی خۆمان باشتر مسۆگەر بکەین. بە هیوای ئەو رۆژە هەر سەرکەوتوو بن

پەیامی کەبودوەند لە زیندانی ئیڤینەوە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

محەمەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ٢١ ی فیوریيە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پەیامێکی لە زیندانی ئیڤینەوە بۆ دەرەوە نارد.

لە پەیامەکەی کەبودوەند دا هاتوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢١ ی فیوریيەی بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کردوە. لەو ڕۆژەدا گەلی کورد لە ئێران و بە گشتی ٤٠ میلیۆن کوردی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ناچارین بە دایکەکانمان بڵێین کە ئەو زمانەی لە منداڵی فێرت کردووین، خوێندن و نووسین و گوتنەوەکەی لە لایەن دەولەتەکانی دەسەلاتدار بە سەر کوردستانەوە قەدەغە کراوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەی کەبودوەند دا هاتوە کە ئەمڕۆ زیاتر لە سەتا ٨٠ ی گەلی کورد لە ئێران و تورکیە و سوریيە ناچارن تەنیا بە زمانی فارسی، عەرەبی یان تورکی بخوێنن و قسەی پێ بکەن.

کەبودوەند گوتوویەتی کە بەم بۆنەیەوە سەرنجی هەموو ویژدانە بەخەبەرەکانی جیهان و ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی بۆ لای ئەو زوڵم و ستەمە گەورەیە ڕادەکێشم کە لە ٤٠ میلیۆن کەسی کورد دەکرێ و پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو زوڵمە لە ئێران تەنیا لە کوردەکان نەکراوە و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش جگە لە فارسەکان ئەو زوڵمەیان لێ دەکرێ.

وریاکردنەوەی دیکتاتۆرەکان لەلایەن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

ئامریکا وێڕای بەرز نرخاندنی بڕیاری کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵپەساردنی وڵاتی لیبی لە شووڕای مافەکانی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوە، ئەم بڕیارەی بە کاریکی کەم وینە و وریاکردنەوەیەک بۆ ئەم وڵاتانە ناو برد کە مافەکانی خەڵکی خۆیان پێشێل دەکەن.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێک دوڵەتی لیبیی بە هۆی پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەت سەرکوتی خوێناویی خوێپشاندان و نارەزایەتییەکانی دژی دەوڵەتی قەزافی، لە شووڕای مافی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوە دەرکردوە وڕایگەیاندوە کە لە بارودۆخی نالەباری لیبی نیگەرانە.

سوزان ڕایس نوێنەری هەمیشەیی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم هەڵوێستەی کۆڕی گشتیی بە کارێکی باش زانی و گوتی لە دوای دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە لیبی یەکەم وڵاتە کە بەم شێوەیە لەو ڕێکخراوەیە دەردەکرێ.

هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئامریکاش پشتیوانیی لەم بڕیارەی کۆڕی گشتی کردوەو ڕایگەیاندوە کە ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

هەروەها بان کی مون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتوویەتی کە ئەمە پەیامێکی جیددیە بۆ ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ جینایەت دژی مرۆڤایەتی دەبەن و دەبێ سزا ئەو تاوانانەش بدەنەوە.

تێکچوونی هاوکێشەکان

ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەردەم گۆڕانکاری دا

مادح ئەحمەدی

سەدەی ڕابردوو، سەدەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری جیددی و قووڵ بوو کە مێژووی جیهان بە خۆیەوە بینی. هەر بۆیەش سەدەی بیستەم وەک قۆناغێکی هەستیار و ئاڵوزی مێژوو دێتە ئەژمار. ئەگەر سەیری مێژووی جیهان لە سەدەی بیستەمدا بکەین، دەبینین لە چەند قۆناغی جیاوازدا ئاڵوگۆڕی گەورە بەسەر هاوکێشەکاندا دێ و پاشان بۆشاییەکی ژێئۆپۆلۆتیک دروست دەبێ و بەدوای ئەمشدا کۆمەڵێک هاوکێشەی نوێ لە پێوەندی نێوان وڵاتاندا دێتە ئاراوە. لەم سۆنگەیەوە دەکرێ ئاڵوگۆڕە قووڵ و بنەڕەتییەکانی سەدەی بیستەم بە سەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم: جەنگی جیهانی یەکەم، قۆناغی دووهەم: جەنگی جیهانی دووهەم و قۆناغی سێیەم: کۆتایی هاتنی شەڕی سارد.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا پاش شەڕ و ململانێیەکی زۆر لە ساڵی ١٩١٨دا هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەست پێدەکا و کۆمەڵێک دابەشکاری لە نێوان وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتدا لە ناوچەکە دێتە کایەوە. لێرەوە بۆشاییەکی ژێئۆپۆلۆتیک دروست دەبێ و هەر لایەن و وڵاتێک بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی هەوڵدەدا سنوورەکان دەست نیشان بکا. لە ئاکامی ئەم ململانێیەدا هاوکێشەکانی پێشوو لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوەو هەندێ وڵاتی نوێ بە بەرژەوەندی نوێیەوە وەک: تورکیا، عێراق و.. دروست دەبن. هەروەها لە پێوەندی نێوان وڵاتاندا لە ئاکامی چەند ڕێکەوتنێکدا کۆمەڵێک هاوکێشەی نوێ دێتە گۆڕێ.

پاش ئەم قۆناغە کە کۆمەڵێک ڕووداو و شۆڕش و ڕاپەڕینی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن جەنگی جیهانی دووهەم دەست پێدەکاو لە ئاکامی کێشەو شەڕێکی قووڵدا ئاراستەی هاوکێشەکان بە دیوێکی دیکەدا هەڵدەگەڕێتەوەو لە ساڵی ١٩٤٥ بەملا جیهان بەسەر دوو جەمسەری سوسیالیستی و کاپیتالیستی دا دابەش دەبێ. جەمسەر سوسیالیستی بە سەرۆکایەتی ڕووسیا و جەمسەری کاپیتالیستی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەرکام ژمارەیەک لە وڵاتان دەخەنە ژێر ڕکیفی خۆیان و بەرانبەر بە یەکدی دەکەونە هەڤڕکێیەوە. هەروەها یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ئاکامی جەنگی جیهانی دووهەمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دێتە گۆڕێ دامەزرانی دەوڵەتی «ئیسراییل»ە کە دواتر کێشەی نێوان عەرەب و ئیسراییل سەر هەڵدەدا و لەو کاتەوە تا ئێستا وەک یەکێک لە کێشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئارادیە و بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

قۆناغی سێیەم، قۆناغی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد. لێرەوە بەدوا(واتە لە ساڵی ١٩٩٠ ـەوە) جەمسەری سوسیالیستی بە سەرۆکایەتی ڕووسیا هەرەس دێنێ و ئەمریکا دەبێتە سەرەکی ترین زلهێزی جیهان و هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ و کۆمەڵێک گەمەی نوێ دێتە ئاراوەو زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پێشتر لە بەرەی دژی ئەمریکادا بوون دەبنە هاوپەیمانی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا. پاش هەرەس هێنانی جەمسەری سوسیالیستی و کۆتایی هاتنی قۆناغی شەڕی سارد، قۆناغێکی نوێ لە پێوەندی نێوان وڵاتان دەست پێدەکاو ئاستی پێوەندییەکان بەهۆی گەشە کردن و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ئامرازی مۆدێرنەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە دەستێنێ.

پاش ئەوەی جیهان سەدەیەکی پڕ لە کێشەو ئاڵۆز تێپەڕ دەکا و سەدەی بیست و یەک دەست پێدەکا، یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە ماوەی یەک دەیەیە باندۆڕی لەسەر هاوکێشەکان داناوە، ڕووداوی ١١ی سێپتامبێری ساڵی ٢٠٠١ ـە. پاش ئەم ڕووداوە ئەمریکا بە شێوەیەکی پلانەند لە ژێر ناوی شەڕ دژی تێرۆریزم و نەهێشتنی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ لەگەڵ هاوپەیمانانی هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و عێراق و سیستمی سیاسی ئەم وڵاتانەی تووشی گۆڕان کرد.

ڕەنگە لێرەدا دەرەتانی ئەوە نەبێ کە بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێیە کە ئێستا بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئارادیە و بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

قۆناغی سێیەم، قۆناغی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد. لێرەوە بەدوا(واتە لە ساڵی ١٩٩٠ ـەوە) جەمسەری سوسیالیستی بە سەرۆکایەتی ڕووسیا هەرەس دێنێ و ئەمریکا دەبێتە سەرەکی ترین زلهێزی جیهان و هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ و کۆمەڵێک گەمەی نوێ دێتە ئاراوەو زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پێشتر لە بەرەی دژی ئەمریکادا بوون دەبنە هاوپەیمانی ئەو و بێ گومان هاوکێشەکان تووشی گۆڕانکاری قووڵ دەکا و هەروەها لە ئاکامدا بۆشاییەکی لە ڕووی ژێئۆپۆلۆتیکەوە لێدەکەوێتەوەو ڕەنگە بێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک لە ڕێککەوتنەکان و هاوکێشەی نوێ لە نێوان وڵاتاندا بێنێتە کایەوە.

لێرەدا دەرەتانی ئەوە نەبێ کە بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێیە کە ئێستا بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتووە و بێ گومان هاوکێشەکان تووشی گۆڕانکاری قووڵ دەکا و هەروەها لە ئاکامدا بۆشاییەکی لە ڕووی ژێئۆپۆلۆتیکەوە لێدەکەوێتەوە

ئەگەر چاو لێبکەین ئەم شەپۆلە لە «تونس»ـەوە دەستی پێکرد و لە ئاکامدا «زەین ئەلعابدین بن عەلی»، سەرکۆماری ئەو وڵاتە پاشەکشەی کرد و لەسەر کار لابرا. لە ژێر کاریگەریی ئەم شەپۆلەدا لە میسر سەرهەڵدانی جەماوەری دەستی پێکرد و خۆپێشاندەران پاش ٢٠ ڕۆژ توانیان پاشەکشە بە دەسەلات بکەن و لە ئاکامدا «حوسنی موبارەک» پاش سێ دەیە دەسەلات داریەتیی لە سەر کار لابرا. ئەم تەوژمە لە تونس و میسردا کۆتایی پێ نەهات و ڕانەوەستا، بەڵکوو لیبیا، ئوردۆن، یەمەن، کویت، عەمان، مەغرب، موریتانی، سودان، بەحرەین و.. گرتۆتەوەو بێگومان لە داهاتووشدا ئێران بێبەری نابێ لەم شەپۆلە و ڕەنگە لە ئاستێکی بەریندا ئەو وڵاتەش بگرێتەوە. ئەگەر چاو لێبکەین ئەم شەپۆلە کە ئێستا دژی وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچەکە وەڕێ کەوتووە لە ئاستێکی بەرین و جەماوەری دایە کە ڕەنگە لە چەند ڕووبەرکەوە جیاوازی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیستەم هەبێ. ئەوەی لە سەدەی بیست دا لە ڕێگای هێرشی چەکدارانەوە لە لایەن وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتەوە دەکرا و ئاڵوگۆڕیان پێک دەهێنا و دەستی دەرەکی ڕزگاری دەر بوو، ئێستا ئاراستەکەی گۆڕاوەو زیاتر فاکتۆری نێوخۆ دەور دەبینێ و جەماوەر بڕیاری کۆتایی دەدا.

دیارە فاکتۆری دەرەکیش ناکرێ لە بەرچاو نەگرین و بەتایبەتی دامودەزگا ئەمنییەتییەکان بێگومان لەم جۆرە ئاڵوگۆڕانەدا ڕۆڵ دەگێڕن. جیا لەمانەش لەم ئاڵوگۆڕانەی ئەم دواییەدا ڕایلکە کۆمەڵایەتییەکان(وەک: فەیس بوک، تویتێر و...) لە ئاگادار کردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەردا ڕۆڵی بەرچاو سەرەکییان گێڕا.

لە ئاکامی کاریگەری ئەم فاکتۆرانەدا(نێوخۆ و جەماوەر، ڕایلکە کۆمەڵایەتییەکان، دەرەکی و...) ئێستا بینەری ئەوەین کە شەپۆلێکی بەرینی دێموکراسی خوازی وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەلاتە توتالیتێر و دیکتاتۆرەکان لە پاشەکشەدان. بێگومان ئەم شەپۆلە شتی قووڵی بە دوودا دێ و بە جۆرێک دەکرێ بڵێن نەشتەرگەرییەکی سیاسیی بنەڕەتییە کە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتۆتەوە. ڕوون نییە کە چارەنووسی ناوچەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا و ناکرێ بە ڕوونی هاوکێشەکان و ڕێککەوتنەکان دەست نیشان بکەین. چونکە هێشتا دیار نییە بۆ وێنە لە میسر کە پایتەختی سیاسی وڵاتانی عەرەبییە چ دەسەلاتێک دێتە سەر کار. ئایا سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانی بە سەردا دێ یا نا دەموچاوەکان دەگۆڕدرێن؟ یان لە میسر کە تا دێنێ هاوپەیمانی ئەمریکا بووە، ئەگەر سبەینی لایەنێکی دیکە دەسەلاتی بە دەستەوە گرت، ئایا ئەو لایەنە هەر پابەندە بە ڕێککەوتنەکان و وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دەمێنێ یانا؟ ئەم ئاڵوگۆڕانە کە ئێستا بۆشاییەکی دروست کردوە، بێگومان لە داهاتوودا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ژمارەیەک لە ڕێککەوتنەکان و لێرەوە پێوەندنی نێوانی وڵاتان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ. بۆیە دەبێ چاوارۆان بین و بزانین ئەم شەپۆلە بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا و تا چەندە هاوکێشەکان تووشی ئاڵوگۆڕی و گۆڕان دەکا. چونکە هێشتا گۆڕانکارییەکان بەکلایی نەبۆتەوەو دیار نییە کە ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕ بوونەتەوە چیان بە سەردێ و لە ئاکامدا چ جۆرە دەسەلاتێک پێک دێ و چ لایەنگەلێک دەسەلات بە دەستەوە دەگرن.

٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆڕاگریی ژنان

کۆستان فتووحی

٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەلایەتی. ٨ی مارس رۆژێکە کە ژنان بە دەسەلات و سیستمی سیاسیی ولاتەکانیان رادەگەیەنن پێوانەی ئازادیی کومەڵگە، ئازادیی ژنانە. بە سیستمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی رادەگەیەنن هەتا خواستەکانمان کە دابین بوونی ئازادی و یەکسانییە، نەیەتەدی، دەست لە خەبات و تیکۆشان هەڵناگرین.

ئەمسالیش لە کاتێکدا ریز لە خەبات و خۆراگریی ژنانی جیهان بۆ مافەکانیان دەگیری، کە تائێستاش لە زۆربەی ولاتانی دنیادا بەکسانیی ژن و پیاو نەهاتوتەدی. لە زۆربەی ولاتاندا سیێەری قانوونە پڕ لە هەڵاوارنەکان بەسەر ژنانەوە قورسایی دەکا. هەژاری، نەخوێندەواری، دەسترانەگەیشتن بە ئیمکاناتی لەشساغی و چەوسانەوەی جینسییەتی، ژیانی میلیۆنان ژنی تاریک و تاڵ کردوە.

٨ی مارسی ئەمسال حاڵ و هەواڵەکی تایبەتی هەیە. لە ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زنجیرەیەک شۆرشی دژی دیکتاتوری دەستی پێ کردوە و خەڵک لە دژی ستەم وناعەدالەتی خرۆشاون و دەیانەوێ سیێەری دیکتاتوری لەسەر خۆیان راماڵن. هەموو دنیا شاهیدی راپەڕینی تووندی و میسر بوو کە چۆن کۆشکی دیکتاتورانیان رووخاند و لەرزەیان خستە دڵی دەسەڵاتدارانی لە چەشنی ئەوان لە ولاتانی دیکە.

هەواڵی ئاژاد بوونی هەر ولات و مرۆڤێک لە دەست دیکتاتور و زاڵم بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ هەیە، جێی دڵخۆشی و شانازییە و بێگومان بۆ هەر دیکتاتور و زاڵمێکیش ،ئەم جۆرە هەواڵانە،وەک کابووسێک وان و خەوی ئارامیان لێ تێک دەدا.

مێنیش وەک زۆربەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دڵخۆش و هیوادار بووم بە شادی و رزگاریی ئەو خەڵکانە و رووخانی ئەو دیکتاتورانە. بەڵام پرسیارێک لە ناخمدا دێت و ودەچێ و ئازارم دەدا. ئەویش ئەوەیە ژنانی ئەم ولاتانە کە ئاوا ئازایانە لە ریزی رووخێنەرای کۆشکی دیکتاتوراندا بوون و هەن، چارەنووسیان چی بەسەردێ؟ بەتایبەتی کە مەزهەبییە توندئاژۆکان لەم ولاتانە نفووز و کاریگەرییان هەیە و دەیانەوێ هەڵەکان بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. بڵێی ژنانی ئەو ولاتانە هەرئەو بەرهەمە نەچنەوە کە ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧ چنیانەوە؟ بەڵام شتێکی کە لە نیگەرانییەکەم کەم دەکاتەوە، ئەوەیە خەڵکی ئەو ولاتانە ئەزموونی خەڵکی ئێرانیان لە ساڵی ٥٧دا لەبەرچاوە و تووشی ئەو هەڵەیە نابن کە بە هیوای ئازادی و بەبێ هیچ ناسینێک، دەنگ بە حکومەتێک بدەن کە بە ناوی ئیسلام و لە ژێر بانگەشەی دادپەروەری و ...دا هەستی ئایینیی خەڵک بە قازنجی خۆی دەقۆزێتەوە بەڵام دواتر دەبێتە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار و مافە ڕەواو ئینسانییەکانیان دەخاتە ژێر پێ.

ئەزموونی ئێران دەتوانێ وشیار کردنەوە بێ بۆ خەڵکی ئەو ولاتانە و بە تایبەتی بۆ ژنان کە نا بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی مەزهەبی بڵێن. خەڵکی ئاگا و وشیاری ئەو ولاتانە بە تایبەتی ژنان لەوە تێگەیشتوون کە ئازادی و بەرابەریی مافەکانیان بە پێوانە و ستاندارد جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، لە ژێر سایەی حکومەتێکی مەزهەبیدا هەرگیز وەدی نایە. ئەگەر ژنێک بەپێچەوانە بیر بکاتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێ چاوپۆشی لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بکا.

هەڵومەرجی ژنان لە ئێران

ئەمڕۆ یەکێک لەو ولاتانەی کە ژنانیان لە هەڵومەرجێکی نالەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دا دەژین، ولاتی ئێرانە. لە ناعەدالەتی دەبنەوە. ئازادیخوازان و چالاکانی ژن تەنیا بە تاوانی هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی دنیایەکی ئازاد و دادپەروەر، دەخرێنە قەفەزی زیندانەکانەوە وحوکمی نارەوا و نامرۆڤانەیان بەسەردا دەسەپێ.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ژنانی ئێران بە هۆی خەباتێکی دوور و درێژی مافخوازی و راوەستان و

بەشداریی ئازایانەی ژنان لەو حەرەکەتانەدا و ئەزموونی دوور و درێژی خەباتی مەدەنی دژی دیکتاتۆری و پیاوسالاری و دانی ئەو هەمووە نرخە لە لایەن ژنانەوە، هەر لە ئێستاوە مزگێنیی لەرزین و درزتێکەوتنی دیواری پیاوسالاری لە ئێرانی داهاتوومانداە دەداتێ

ریژیمی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە رووبەرووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار، دەسکەوتی بەنرخیان وەسەریەک ناوە و یاسا و کولتووری پیاوسالار نەیان توانیوە ئەوان لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون دوا بخەن.

٣٢ ساڵە بەردەوام ژنان لە شەقامەکان، لە شوێنە گشتییەکان، لە خوێندنگە و شوێنی کار و... ریزیان لە ریزی پیاوان جیا دەکرێتەوە و سووکایەتییان پێدەکرێ. ٣٢ ساڵە کۆماری ئیسلامی بۆ قایم کردنی بناغەی نیزامەکەی، بە سەدان شێوەی فێڵاوی خەریکی دروستکردنی دیوار و کوت و بەندی جینسییەتییە، بەڵام ژنانی ئێران نەچوونەتە ژێر بار و لەگەڵ ئەم ریژیمە کۆنەپەرست و ناحاڵییەدا کەوتوونە ململانی ورووبەرووبوونەوە ، هەڵبەت ئەم ململانییە هەر لە سەبەینێی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەو ریژیمەوە کە بە نافەرمانی لە دژی دەستووری حیجابی زۆرەملیی خومەینییەوە دەستی پێ کرد، ئێستاش بە شێوەیەکی ئاگایانە درێژەی هەیە. ئەمڕۆ دەبینین ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتەوە لە ریزی پێشەوەی حەرەکەتەئیعترازییەکاندان.دیارەزۆر پێشتر لەوەریکەوتنی بزووتنەوەیەک کە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ناوی دەر کردوە، بزووتنەوەی ژنان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیی هەراو لە ئارا دا بووە و ئێستاش، بەشێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران. بە هیچ جۆر ناکرێ حاشا لە نەخشی بەرچاوی ژنان لەو خۆپێشاندان و حەرەکەتە ئیعترازییانە دا بکرێ کە لە دژی ریژیم لە گۆڕیدان. حزووری بەرچاو و ئازایانەی ژنان لە حەرەکەتە ئیعترازییەکاندا نیشانەی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو ئامانجەی ٣٢ساڵە بەزەبر و زەنگ دەیەوێ بیچەسپێنێ _ جیاکردنەوەی ژن وپیاو _ پێی نەگەیشتوە. ئەمڕۆ دەبینین بەبێ سەرنجدان بەو دیوارانەی ئەو نیزامە بۆی دیاری کردوون، ژنان و پیاوان دەست لە نێو دەستی یەک، بۆ ئەمانی دیکتاتورییەت و وەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی لە شەقامەکان بەدەنگی بەرز دروشمی مردن بۆ دیکتاتورییەت دەڵێنەوە. ئەو دیوارەی هەڵاواردن کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی بیکاتە کولتوورێکی جێگرتوو لە کۆمەڵگەدا، رووخاوە. ئەگەر ئەمڕۆ زۆربەی چین و تویژەکانی کۆمەڵگەی ئێران شانازی بە بوونی ژنان لە ریزی خۆپیشاندانەکاندا دەکەن، ئەگەر خوێنی ژنێک دەکەنە نماد و سەمبولی خەباتی ئازادیخوازی، بەرهەمی خەباتی مەدەنیی دەیان ساڵەی ژنان لە دژی نایەکسانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندایە. ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتی مافخوازییەوە لەو حەرەکەتانە دا بەشدارن. بێگومان ئەوەبشداریە دەبێتە دەستەبەرێک بۆ دابینبوونی مافەکانی ژنان لە ئێرانی داهاتوو دا. چاوەڕوانییش لە چالاکانی ژن دەکرێ لە درێژەی خەباتی مافخوازانەی ژنانداا بەبەرنامەیەکی روونەوە لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن.

ئامادەبوون و بەشداریی ئازایانەی ژنان لەو حەرەکەتانەدا و ئەزموونی دوور و درێژی خەباتی مەدەنی دژی دیکتاتوری و پیاوسالاری و دانی ئەو هەمووە نرخە لە لایەن ژنانەوە، هەر لە ئێستاوە مزگێنیی لەرزین و درزتێکەوتنی دیواری پیاوسالاری لە ئێرانی داهاتوومانداە دەداتێ و بە هیز و توانا دەبەخشی بەو بزووتنەوەیەی کە ئێستا لە ئێراندا هەیە.

ئەمسال،لە ٨ی مارسدا، زایەڵەی پەیامی یەکسانیخوازانەی ژنانی ئێران، تێکەل لە گەل دروشم و هاواری بزووتنەوەی سەراسەریی هاونیشتمانان دژ بە دیکتاتوری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، بە گوڕتر لە هەمیشە دێتە گوێ. ئێستا ٣٢ ساڵ دوای هاتنە سەرکاری ئەو ریژیمە، هەمووان بەو ریگایە دا دەڕۆن کە پێش هەر چین و تویژێکی خەڵکی ولات، ژنان گرتیانە بەر، ئەویش ریگای نەویستن و ڕەتکردنەوەی دیکتاتوریی مەزهەبی و پیاوسالاری کۆماری ئیسلامی.

ڕەخنەی فمینیستی، ڕەخنەی ژنانە؟ پرسیارێکی جێی ڕەخنە!

سۆنیا غەفاری

و.مرگێران بۆ کوردی : حەلیمە ڕەسووڵی

ڕەخنەی سفمینیستی یان ڕەخنەی ژنانە؟ ئەوە پرسیارەیکە کە بەردەوام لە باسەکانی تایبەت بە ڕەخنەی فمینیستی دا لە لە ئارادا بووە. نموونە لە کارگەی ڕەخنەی ئەدەبی فمینیستی. باشە لە بنەڕت دا ئەو دووانە جیاوازن یان دەکرێ یەکیان لە جیاتی ئەوەی دیکەیان بەکار بێنین؟ بۆ دۆزینەوەی وڵامەکە کەسێکمان باشتر لە «ئەلین شوالتر» پێ شک نایە، کەسێک کە بە ناسنان و دامەزراندنی ڕەخنەی ژنانە، مێژووی ئەدەبیاتی ژنانی قەرزداری خۆی کرد.

«شوالتر» تیۆری داڕێژی ئەدەبی ئەمریکایی ساڵی ١٩٧٧ بە نووسینی کتێبی «ئەدەبیاتی پاوانکراوی خۆیان» لە «بڕوانتە»وە تا «لسینگ» باس لەو ژنە نووسەرانە دەکاو دەیاننناسێنێ کە لە بیر کراون و ڕوانینی زاڵی پیاوانە لە بیاڤی ئەدەبیاتدا، بوونی ئەوانی کەم ڕەنگ کردووە. ئەو دوو ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٧٩ بە نووسینی بابەتێک باسی لە بازنەی بەرتەسەکی ڕەخنەی فمینیستی کرد، بەو هۆیەیە کە تا بەر لەم باسە لێکدانەوەی هێماکانی ژنان لە ئەدەبیات دا تەنیا لایەنی ڕەخنەی فمینیستی لە خۆ دەگرت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە سەر ئەو باسە بڕوانە ئەم نموونەیە. ڕەخنە ئەو کاتە فمینیستییە کە ئەندیشە سوونەتییەکان لە سەر ژنان، ڕەوشتی ژنان یان ڕۆڵە کۆمەلایەتییەکانیان بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو شرۆڤە کردن. کە بە زمانی لاتین بەم چەشنە ڕەخنەیە دەگوترێ Gynocritcism.

جیهانێکی نوێ بە ڕووی ئەدەبیاتی ژنان دەکاتەوەو ڕەخنەی فمینیستی بازنەیەکی ئاوالەو بەرفراوانتر دەدۆزێتەوە. شێوازێکی دیکەی ڕەخنەی فمینیستی لە هەوڵی دەرخستنی نووسراوەکانی ژنانەو ئەدەبیاتی ژنان وەک بیاڤێکی تایبەتی دادەڕێژێ. بەو پێیە ڕەخنەیەک کە بەتایبەتی باس لە نووسراوەکان و بەرهەمەکانی ژنان دەکا و لە هەوڵی دۆزینەوەی شێوازی نووسینی ئەوان دایە، ناوی ڕەخنەی ژنانەیە.

بەو باس و لێکدانەوانە دوو بۆچوونی سەرەکی لە ڕەخنەی فمینیستی دا دەخووڵقێ

١ـ ڕەخنەی هێماکانی ژنان لە ئەدەبیات دا

٢ـ ڕەخنەی ژنانە

دیارە بۆ ئەو دابەشکردنە لە دەستەواژەی دیکەش کەڵک وەردەگیرا.

١ـــ ڕەخنەی نووسەری ژن کە هەر دەچێتەوە خانەی ڕەخنەی ژنانەو، لەوەدا بەرهەمی ژنانی داهێنەر دەکەوێتە بەر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو، ئەوە کە لایەنە ژنانەکان یان باشتر بڵێین تایبەتمەندییە ژنانەکان لە ژیانی تاک دا وەک ئەزموونەکانی منداڵبوون و دووگیانی، چۆن لە زماندا وێنا دەکرێن.

٢ـــ ڕەخنەی خوێندەری ژن. لەم جۆرە ڕەخنەیەدا ژنی خوێنەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی پیاوان شرۆڤە دەکاو وە شوێن دۆزینەوەی سوونەتە و نەریتە چەق بەستووەکان لە سەر ژنان و چۆنیەتی بوونی ئەوان لەو بەرهەمانەدا دەکەوێ. بە پەرەسەندنی پانتایی ڕەخنەی فمینیستی، ئەو بەرهەمانەی کە لە لایەن ژنانەوە خولقێنرابوون و لە بەر نەگونجان لەگەڵ سەردەمی خویاندا وەلا نرابوون کەوتنە بەر بایەخ و لێکۆڵینەوەی دووبارە. بۆ نموونە ئەدەبیاتێک بە ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکان و ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژنان کە بوو بە هۆی ئەوە کە شێوازێکی نویی نووسین کە زیاتر تایبەت بوو بە شەپۆلی دووهەمی فمینیزم بە ناوەڕۆکێکی تازەوە بێتە ناو ئەدەبیاتی ژنانەوە.

ئامانجەکانی ڕەخنەی فمینیستی

بۆ تەواوکردنی ئەو باسە خراپ نیە ئامژە بە ئامانجەکانی ڕەخنەی فمینیستی لە ڕوانگەی لیزا تایتل دا بکەین. ناوبراو ئەو ئامانجانەی بەم چەشنە کوێەندی دەکرد.

١ـ ئاشکرا کردنی نەریتی ژنانە لە نووسین داو خولقاندنی پرسیاری نوێ لە سەر نووسراوە کۆنەکان دا.

٢ـــ پێناسەی هێماکانی نووسراوەکانی ژنان.

٣ـ دۆزینەوەی دووبارەی نووسراوە کۆنەکان.

٤ـــ لێکدانەوە لە سەر نووسینەکانی ژنان لە ئاوێنەی ڕوانینی خوودی ژنانەوە.

٥ـ دژایەتی و خۆراگری لە هەمبەر ڕەگەزخوازی لە ئەدەبیات دا.

٦ـ هەڵکشانی زانیاری لە بواری سیاسەتە ڕەگەزیەکانی شێوازەکان و زمانەکان.

تایتل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی فمینیستی کەشێکی ئاڵوزە لە تویژێکی بەرین لە تیۆریە ڕەخنەییەکاندا، لێکدانەوە دەروونناسییەکان، مارکسیزم، ماتریالیزمی کلتووری، جەماوەرناسی و پێکهاتەخوازی.

بە بڕوای ئەو فمینیستەکان سەرەڕای بوونی ڕوانگەی جۆراوجۆر، تیۆریەکی هاوبەشیان لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی فمینیستی دا هەیە. یەکێک لەو تیۆریانە ئەوەیە کە یاسای داڕێژراوی پیاو ـ ژن و پەیوەندیی ڕەگەزی، تەواوی لایەنەکانی بوونی کۆمەلایەتی مرۆڤ بۆ نموونە هزرو ئەندیشەش دەخاتە ژێر کاریگەری خوێیەوەو چەشنێک دووانەیی باو کردووە: ئەکتیڤ ـ پاسیڤ، هەبوو ـ نەبوو، دوونیایی ـ تایبەت و چەمکە ژنانەکان کەوتنە خانەی تایبەتمەندییە بێ بایەخەکان. ئەو دوو چەمسەریانەی کە زۆڵم و زۆری لە سەر ژیانی ژنان دا دەردەخەن و بەهێزی دەکەن.

ماوەیەکی زۆر لە شیکردنەوەی ئەدەبیاتی ژنانە تیپەڕ نەبووە بەڵام دڵە هەمان کاتدا مێژووی ئەدەبیات شاهیدی حووزووری ژنانێک بووە کە بە خولقاندنی بەرهەمەکانیان ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیان دەوڵەمەند کرد. هەر بەو پێیە فمینیستەکان بۆ گەشەو پەرەپێدانی ئەو ڕەوتە نەک لە کەرەسەی پێکهاتەی زمانی ـ کۆمەلایەتی کەلک وەردەگرن بەڵکوو هێنانە گۆڕێی ئالتر ناتیڤ گەلێک بۆ خوێندن و نووسین بە پێویست دەزانن و دەتوانین بڵێین ئەوان خۆیان پانتاییەکن بۆ تیکۆشان لە پێناوی گۆڕین دا.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

مرۆڤی ئازاد

حەسەن شێخانی

زۆرجار کە دۆخی وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکان تاوتوێ دەکرێ و، رەچەڵەکناسیی ستەمکاری دەکرێ، هەموو تاوانەکە دەخرێتە ئەستۆی ئەو تاقم و نوخبە دەسەڵاتدارەی کە ستەمکاری بەرامبەر خەڵک پێرەو دەکەن. ئایا لە هاوکێشەی نێوان ستەمکارو ستەم لێکراو دا، ستەم لێکراو بێ تاوانە؟ یان بەشێک (کەم و زۆر) لە تاوانی ستەمکاری و بەردەوام بوونی دۆخی دیکتاتورییەت لە ئەستۆی ستەم لێکراویش دایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە رەچەڵەکە کلتووری و پێکهاتەییەکان لەبەر چاو بگیرین.

١)لەبیرمە لە یەکێک لە کلاسەکانی وانەی «مێژووی ئالوگۆڕەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ئێران»ی رشتە زانستە سیاسییەکان لە کۆلێجی «حقوق و علوم سیاسی»ی زانکۆی تاران، مامۆستای ئەم وانەیە دکتۆر سادق زیباکەلام ئەم باسە پرسیار ئامێزەی هێنایە ئارا: لە مێژووی رەسمیی ئێراندا دەگوترێ پاشاکانی قاجار کەسانێکی بێتوانا، بێتەگبیر، گەندەل و لاواز لە رووی بەرێوەبەری و مودیرییەتەوە بوون. ئەگەر پاشاکانی قاجار بەم شێوەیە بوو بن (وەک لە مێژووی رەسمیی ئێراندا باسیان دەکرێ)، کەواتە چۆن توانیان بۆ ماوەی چەندین دەیە لەسەر کار بن؟ لەبەر ئەوەی کە لۆژیک حوکم دەکا کەسانی بێتوانا و بێتەگبیر و گەندەل بۆ ماوەیەکی درێژ نەتوانن دەسەڵاتدارەتیی وڵات بکەن.

ئاشکرایە کە پاشاکانی قاجار نە لە ئاسمانەوە هاتبوون و نە لە وڵاتێکی دیکەوە هێنرابوون، بەڵکوو ئەوان هەڵقوڵاو و زادەی ئەم کۆمەڵگەیە بوون. راستییەکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران لەباری کلتووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاستی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەو ئاستەدا نەبوو کە مۆدێلی حوکمرانی خێلی قاجار وەک دیاردەیەکی نامۆ و دژاوز لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە بێتە بەرچاو و لەگەڵی گونجاو و هاوڕێک نەبێ. ئەگەر مۆدێلی دواکەوتووی حوکمرانی خێلی قاجار لەگەڵ پێکهاتەی کلتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران ناکۆک و ناتەبا بایە، شیمانەی بەهێز ئەوەبوو کە نەیاندەتوانی ئەو ماوە دوور و درێژە دەسەڵاتدارەتیی وڵات بکەن. بۆ نموونە کەسێکی وەک فەتحەعلی شای قاجار کە چەندین دەیە حوکمڕانی وڵاتی ئێران بوو، لە وڵاتێکی ئوروپایی بۆ ماوەی دوو حەوتووش ئەیدەتوانی لەسەر تەختی دەسەڵات بمێنێتەوە، هەر لە جێدا کەسێکی وا، نەیدەتوانی بێتە حاکم و لە ئاستی هەرە سەرەوەی هێرەمی دەسەڵات دا جێ بگرێ. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە دیکتاتوری و ستەمکاری ریشەی لە کلتوور و پێکهاتەی کۆمەڵگاکان دا هەیە و بەستێنەکانی جێگیر بوون و بەتایبەت بەردەوام بوونی دۆخی دیکتاتورییەت لە خودی کۆمەڵگاکان دا بوونی هەیە.

٢)لە هەر کۆمەڵگەیەک دا رەوتێکی جیاواز و چین و توێژی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. ئەم رەوت و چین و توێژانە لەباری ئاستی گەشەی فیکری و کۆمەڵایەتییەوە وەک یەک نین و، لەوانەیە لە رەوتی شۆڕشێک دا توێژ یان رەوتێکی پاشکەوتوو بەڵام ریکخراو، بە کەلک وەرگرتن لە لاوازی و پرش و بڵاوی هێز و لایەنەکانی دیکە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و دەستوور و دامەزراوە دەستوورییەکانی وڵات بە گوێرەی پاراستنی پێکەو بەرژەوەندییەکانی خۆی ریکبخا. لێرەداتوێژی بەدەسەڵات گەیشتوو، ئاوێنەی بالا نوێنی پێکهاتە و رادەی گەشەسەندوویی کۆمەڵگە نییە بەڵکوو توێژی دەسەڵاتدار لەبەر ئەو هۆیەی ئاماژی پێکرا و هەروەها بەکەلک وەرگرتن لە کۆمەڵێک فاکتەری کلتووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی توانیویەتی دەسەڵات پاوان بکا. دۆخی ئێرانی دوای شۆڕشی ٥٧ نموونەی بەرجەستەی ئەم راستییەیە. هەر چەند هاتنە سەرکاری توێژی جێی ئاماژە ئەوە ناگەیەنی کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە لە رووی بیرکردنەوە و ئەمرۆیی بوون و ئاستی فەرهەنگ و وشیارییەوە لەگەڵ توێژی دەسەڵاتدار لە یەک ئاست دان و کۆمەڵگەش بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە لە کەسایەتیی تاقمی دەسەڵاتدار دا رەنگی داوەتەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بەشێک لە تاوانی درێژەکێشانی ماوەی دەسەڵاتداریی توێژێک کە وەڵامدەری داواکاری و خواستەکانی خەڵک نییە بۆ خودی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. چونکە کۆمەڵگایەکی وشیار و ئازاد هەرگیز قبوول ناکا تاقمێکی سەتەمکار بەرێوەی ببا. دەکرێ بڵێین درێژەکێشانی دەسەڵاتدارەتیی تاقمی سەتەمکار نیشانەی ئەوەیە کە کلتوور و کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگەی جێی ئاماژە، کلتوور و کەسایەتییەکی دیموکراتیک نییە و سەتەمکاری و دیکتاتۆری بە شێوەیەکی شاراوە لە جەوهەری کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە و، بەم هۆیە کاتێک ئەم تاکانە لە دەسەڵات دا جێ دەگرن خۆیان دەبنە دیکتاتۆر گەلێک کە ماف و ئازادییەکانی خەڵک پێشێل دەکەن.

لە وڵاتانی دیموکراتیک دا چونکە تاکەکان خاوەن کلتوور و پەروەردە و کەسایەتییەکی دیموکراتیکن ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا جێ بگرن بە شێوەیەکی دیکتاتورانە هەڵسوکەوت ناکەن. لە لایەکی دیکە لەم وڵاتانەدا سیستمێکی جێگیر و سەقامگیر هەیە کە رێگە لەوە دەگرێ دەسەڵاتداران بە لاریدا بڕۆن و بە پێچەوانەی یاسا و ریساکانی سیستم کە هەڵقوڵاوی ویست و داخوازییەکانی خەڵکە رەفتار بکەن.

گەورەترین ئامرازی بەردەوام بوونی هێزێکی ستەمکار، بێ دەنگی و ملکەچ بوونی کۆمەڵگەیە. لە کۆمەڵگە دیکتاتۆر لێدراوەکان دا خەڵک بە بێ دەنگی و ملکەچ بوونی خۆیان یارمەتی بە بەردەوام بوونی دۆخی دیکتاتورییەت دەدەن، کەسانێک بە هێندێک ئیمتیازی ماددی دەخەڵتێندرێن

ە کۆمەڵگە دیکتاتۆر لێدراوەکان دا خەڵک بە بێ دەنگی و ملکەچ بوونی خۆیان یارمەتی بە بەردەوام بوونی دۆخی دیکتاتۆرییەت دەدەن، کەسانێک بە هێندێک ئیمتیازی ماددی دەخەڵتێندرێن و دەکەونە خزمەت سیستمی ستەمکار، هەژمارێکی زۆریش بە هۆی ترسێک کە لە وجودیان دا رەگی داکوتاوە و بە هۆی زەبرو زەنگێک کە سیستمی ستەمکار بەکاری دێنێ، هیچ کردەیەکی بەرهەڵستکاری لە خۆیان نیشان نادەن

و دەکەونە خزمەت سیستمی ستەمکار، هەژمارێکی زۆریش بە هۆی ترسێک کە لە وجودیان دا رەگی داکوتاوە و بە هۆی زەبرو زەنگێک کە سیستمی ستەمکار بەکاری دێنی، هیچ کردەیەکی بەرهەڵستکاری لە خۆیان نیشان نادەن و لە راستیدا ئەوانیش بێ دەنگ بوونیان ناراستەوخۆ خزمەت بە سیستمی ستەمکار دەکەن.

تاکی هۆشیار و ئازاد لە هەمبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ و ئەو بێ رێزییەی بە کەرامەتی دەکرێ، بێ دەنگ نابێ. لەبەر ئەوە تا ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرزتر بێتەوە پایەکانی دیکتاتورییەت لەرزۆکتر دەبن، چونکە هەروەک وترا دیکتاتورییەت لە بێ دەنگی کۆمەڵگە ئیرتزاق دەکا.

ئەگەر هەموو ئەو مرۆڤانەی بە بێ دەنگ بوونیان هاوبەشی تاوانی دیکتاتورن، دەرک بە هێزی شاراوەی خۆیان بکەن و ملکەچ بوونیان وەک دژە بەهایەکی بێزراو چاو لێ بکەن، دواجار دەتوانن میکانیزمێک بدوزنەوە و هەموویان پێکەوە کۆتایی بە سیستمی ستەمکار بێنن.

کۆمەڵگەیەک کە شیاویی ئازادی هەبێ دواجار ئەم ئازادییە هەر بە دەست دێنی و، ئەگەر هەتا ئێستاش وڵاتانێک بە دەست سیستمی ستەمکارییەوە دەناڵێنن نیشانەی ئەوەیە کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بەم ئاستە لە وشیاری نەگەیشتوون کە دۆخی ستەمکاری ئەوەندە بەلایانەوە بێزارو قێزەون بێ کە بە هەر شێوەیەک هەوڵ بدەن تەوقی ستەمکاری لە ملی خۆیان دەرێنن.

ئەمە راستییەکی مێژوویە کە دیکتاتۆرەکان بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ کۆمەڵگە و خواستەکانی دەبینن نە بەو شێوەیەی لە واقیع دا هەن. هەر وەک رۆشنبیری ناسراو بەختیار عەلی دەڵێ: دیکتاتورەکان مرۆڤ گەلێکی کەرن تەنیا کاتێک دەنگی نارازیی و داواکانی خەڵک دەبیسن کە ئیتر کار لە کار ترازاوە. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئینتیرنێت و تەقینەوە زانیاری دا هەموو جیهان وەک گوندێکی بچوکی لێهاتووە و ئەمەش دەرەتانی وشیاربوونەوەی تاکەکان لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی سیستمی ستەمکاریش دا دەرەخسێنێ، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ بەستێنەکانی بەردەوام بوونی سیستمە ستەمکارەکان کەمتر دەبنەوە و ئەم سیستمانە رۆژ بە رۆژ زیاتر لەگەڵ رۆحی سەردەم نامۆ دەبن.

فەقیری و قۆرتەکانی

سیروان مووساپوور

خوێنەری خۆشەویست!

گەنجینەی پەندی کوردی گەلێک پەندی پرمانا و بەنێوەرۆکی لە ئامێزی خۆیدا کۆ کردۆتەوە کە لە رواڵەتدا کورت، بەڵام خاوەن مانایەکی بەرفراوانن و هەر کامیان بۆوەی دەبی بابەتێکی تەواوی لەسەر بنووسرێ. یەکێک لەو پەندە کوردییانەی کە زۆر جار لێرەەلەوێ و لە دانیشتن و کۆبوونەوە و تەنانەت لە کۆڵان و شەقامەکانیشدا گوێیبستی دەبین ئەو پەندەیە کە دەڵێ:» فەقیری خۆشە، قۆرتی ناخۆشە». ئەم پەندە تەنیا لەم چەند وشەیەدا کورت نابێتەوە و ئەگەر لێی ورد بینەوە و وەردی دەین و وردی کەینەوە، بێگومان زۆر شتی نەگوتراوی لە هەناوی خۆیدا کۆ کردۆتەوە.

قورتەکانی فەقیری ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەن کە تاک، بنەماڵە و کۆمەڵگاکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن و زۆر جار ئەم قورتانە ژیانی مرۆڤیش تووشی رێگایەکی پڕ لە قورت و پێچ پێچاوی دەکەن و تەنانەت تا سەر هەڵدێرگەی نەمانیشی دەبەن. ئەو قورتانەی کە زۆر جار تاکێکیان تووشی چارەڕەشی و بنەماڵەیەکیان بەرەو رۆژەڕەشی و خامۆشی بردووە.

هەژاری وەک یەکێک لە بەربڵاوترین و بەرچاوترین گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای مرۆیی، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە هەبووە و رابردوویەکی دوور و درێژی هەیە و زۆر جار وەک دایکی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تر ناوی دەبری. هەرچەند تایبەت بە ناوچەیەک یان وڵاتێکی دیاریکراو نییە و لە زۆر وڵات و لەناو زۆر کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام مەبەستی باسەکەی ئێمە زیاتر هەژاری لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستانە کە بەراستی لە زۆر بوارەوە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش زیاتر لە هەژاری و دواکەوتوویدا ڕاگیراوە.

کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپێت و بەرەکەت لە باری هێزی کار، سەرچاوە و کانگای سروشتی، شوێنی توریستی و.. لەناو وڵاتێکی دەوڵەمەند دایە. بەڵام هەر وەک ڕاگەیەنەکان و چاوەدێران باسی لێوەدەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خەڵکەکەی تووشی هەژاری و بەدوای ئەویشدا دواهات و دەرەنجامەکانی هەژاری دەبن. بوونی سیاسەتێکی پشت پەردەیی و نەبوونی مودیرییەتێکی دڵسۆزانە و زانستییانە و زۆر هۆکاری تر کە هەموویان لە ڕوانگەی ئەمنییەتی دەیان ساڵەی دەسەڵاتدارانی حاکم لە ئێران دەرهەق بە کوردستان سەرچاوەیان گرتووە، هۆکارن بۆ ئەوەی کە خەڵکی کورد هەروا لە هەژاری وکوردستانیش هەروا لە دواکەوتوویدا بمێنێتەوە.

پێناسەکردنی هەژاری و باس کردن لە جۆرەکانی(هەژاریی ڕەها و هەژاری ڕێژەیی) و زۆر بابەتی تری

پێوەدیدار بەم باسەوە بەجێدێڵین و تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین کە ئەگەر لە زۆر وڵاتدا نالەباریی باری سروشتیی وڵاتەکە یان نەبوونی سەرمایە و هێزی مرۆیی لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەژارین، ئەوا بێگومان ئێران لەم بوارانەدا هیچ کێشەیەکی نییە و ئەگەر سیاسەتی شووم و پڕ لە جیاوازی و هەڵاواردن و سیستمی سەقەتی ئابووری و.. لەگۆڕیدا نەبووایە، بێشک خەڵکەکەی لە ژیانێکی بەختەوەرانەدا دەژیان و هیچ کات هەژاری و بێبەشییان بە خەونیش نەدەدیت.

پێش باسکردنی دەرەنجام و شوێنەوارە نەرێنییەکانی هەژاری پێم خۆشە شتێک وەبیر خوێنەری خۆشەویست بێنمەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕەها لە نێوان هەژاری و لادانی کۆمەڵایەتیدا نییە و زۆر کەسی هەژار بە خۆراگری و هەوڵی بێوچان لە ژیانێکی شەرافەتمەندانە دەژین و هیچ کات ژیانیان پەلەی نەنگی لێ نەنیشتووە و لە هەمان کاتدا زۆر کەسی خاوەن سامانیش دەبینین کە بۆ بەدەست هێنانی سامانی زیاتر و ڕازی نەبوون بە بەشی خۆیان تووشی زۆر گیر و گرفت و لادانی کۆمەڵایەتی بوون. بەڵام بیرمەندان و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەژاری دەتوانێ بوار خولقێن و ڕێگا خۆشکەری زۆر گیروگرفت و لادانی کۆمەڵایەتی بێ. هەروەک چۆن ڕاوەستان لەسەر هەڵدێرگە مرۆڤ لە هەڵدێران و کەوتنە ناو دۆڵ و دەرفەن نزیک دەکاتەوە، نەداری و هەژاریش ئێنسان لە کەوتنە ناو دۆڵ و شێوی گرفت و لادانی کۆمەڵایەتی نزیکتر دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هێندێک لە شوێنەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەژاری لەسەر تاک و کۆمەڵگا بریتین لە:

١. هەژاری دەرەنجامی نێگەتیڤی سیاسی بەدوا خۆیدا دێنێ. ئەم مەسەلەیە لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێراندا باشتر خۆی دەردەخا. کەم نین ئەو کەسانەی کە بە هۆی هەژارییەوە ناچار بوون چەک بۆ ڕێژیم هەڵبگرن و تێکەڵاوی کاریک بن کە هیچ کات بەنیاز نەبوون شانی بدەنە بەر. ئەگەر بەشێک لە کوردەکان بە هۆکارگەلی عەقیدەتی و سیاسی کەوتوونە داوی خۆش خزمەتی بە ڕێژیم، ئەوا بێشک بەشێکی بەرچاو لە ڕووی هەژاری و بە ناچاری ملیان بۆ وەها کاریکی قێزەون ڕاکێشاوە کە بەراستی لەم بارەدا حکومەت توانیویەتی بە مەبەستە چەپەڵەکانی لە کوردستان بگا.

٢.ڕووکردنە کاری مەترسیدار و مەرگ هێنەر. کەم نین ئەو کەسانەی کە لەبەر هەژاری و بۆ بەدەستهێنانی بژێویی ژیان یاری بە مەرگ دەکەن و لەو کاسبییەدا کە کاربەدەستانی حکومەتی وەک قاچاغچییەتی ناوی دەبەن، گیانی خۆیان دادەنێن. چ ئەوانەکە لەسەر سنوورەکان دەکەونە سەر مینی چێندرا و چ ئەوانەکە بە ئانقەست لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەدرێنە بەر گوللە و گیانیان لێ دەستێنرێ.

٣. هەژاری وەک هۆکاری

ل ١٠

بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

مستەفا شلْماشی

بەشی سێیەم

مە سەلەیەکی دیکەی گرنگ لە بەرنامەی پەسند کراو لە کۆنگرەی ١٤ دا، «مەسەلەی موشارەکەتی بەرینی خەڵک لە دە سە ڵات دا»یە لە کوردستان دا. بەرینی بە و مانایەی کە هیچ تاکێک دەرگای بەشداری لەسەر هیچ کەس و لایەنێک دانەخرێ. نە بە هۆی یاسای دەست و پێ گرەوەو نە بە بەهانەی زۆرینەشە وە. لە بەر نامەدا هێندێک میکانیزم و پرێنسیپ دیاری کراون کە دەبنە هۆی دابین کردنی مافی تاک و بە جەماوەری کردنی دەسەڵات. ئەوەش بۆخۆی سیستمی دەسەڵاتیی کۆماریی دیاری دەکا، کە پەیوەندی هەیە بە ناوەرۆکەوە، نەک ڕواڵەت. کە وابو ئەوەش ڕەنگدانەوەی دروشمی کۆمارە کە دەسەڵات لە حیزبەوە دەگوێزێتەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان. ئەو مش لەو ٥ خاڵی بەرنامەیە دا بە ڕوونی دەر دەکەوێ:

١ . هە مو دەسە ڵاتێک لە ئیرادە و دەنگی خەڵک سەرچاوە دەگرێ.

٢ . هە ڵبژاردن لە سەر بنەمای هەر تاکێ یەک دەنگ دەبێ، بەبێ لە بەر چاو گرتنی هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئیتنیکی، ئاینی، ڕەگەزی و ئاستی کۆمەڵایەتی.

٣. ئیمکانی بەشداری لە هەڵبژاردن و هە ڵبژێران دا لە ئۆرگانەکانی دەسەڵات دا بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان دابین دەکرێ.

٤ . خەڵک دەبێ ئیمکانی شوێن دانان لە سەر بڕیارەکان و کۆنترۆڵ لە سەر چۆنییەتی جێ بە جێ کردنی دەسەڵات و تەنانەت ئیمکانی لەسەر کار لابردنی دەسەڵات دارانی هەڵبژاردەی خۆیانیان هەبێ.

٥ . پرەنسیپی زۆرینەی دەنگ نابێ مافی کەمینە پێشێل بکا.

باسێکی گرنگی دیکە لە مەسەلەی دەسەڵات دا ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی فیدراڵ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ. دیارە لە پێناسە ی حکومەتی کۆماری و جیاوازی لە گەڵ حکومەتی هێرارشیش دا ئیشارە بەوە کرا کە ڕوکنی ئەسڵی بریتییە لە وەرگرتنی دەسەڵات و بەر پرسایەتی لە لایەن ئیرادەی خەڵکەوە. مادام ناوچەی فیدراڵ بە ئیرادەی خەڵک ئیدارە بکرێ و پاڕلەمان و سەرۆکی هەبێ، ئەوە لە شێوەی دەسەڵات دا کۆماری یە. بەو پێناسەیە ئێستا ناوچەی فیدراڵی باشوری کوردستانیش لە شێوە دا کۆماری یە با ناوەکەشی کۆمار نەبێ.

هەروەها پاڕلەمان وشێوەی هە ڵبژاردنەکەی بەجۆرێک پێشنیار کراوە کە قۆرغ نەکری لە لایەن هێندێک حیزبی بە هێزەوە. سنورێکی سیاسی نییە بۆ بەشداری لە دەسەڵاتی قانون دانانی کۆماری کوردستان دا. قەولی میکانیزمێکی قانونی دەدرێ کە بە هۆیە وە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بتوانێ خۆی بۆ کاندید بکا.

پرێنسیپە گرنگە کانی دیکە ی کە بناغە دارێژی بە جەماوەری بوونی دەسەڵات و بە کۆماری بوونی سیستمی دەوڵە ت یارمەتی دەکەن، بریتین لە وەی کە: کۆمار خاوەنی ئاڵاو سرودی نەتەوەیی دەبێ،زمانی ڕەسمی زمانی کوردی دەبێ، دین لە دەوڵەت جیادەبێ و هەرسێک هێزی قانون دانان، قەزایی و ئیجرایی جیاله یەک و خاوەنی دەسەڵات لە چوارچێوەی مە یدانی کاری خۆیان دا دەبن.

بۆ ئەوانەی کە پێیان وایە سیستمی کۆماری لە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵ دا ناگونجێ، باشترە وەبیر یان بێنینەوە کە ناوچەی فیدراڵی کوردستان، هەرناوێکی لەسەر بێ، چ هەرێم و چ کۆمار، تەنیا چەند سەڵاحییەتێکی کەڵان دەدا بە دەوڵەتی فیدراڵ ئەویش بریتین لە کاروباری پەیوەندی نێو دەوڵەتی، دیفاعی میللی، بەرنامەی درێژ خایەنی ئابوری و سیستمی دراوی. جگە لەوانە هەمو کارو بارێکی دەوڵەتداری لە کوردستان دا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دا دەبێ. باشە چ عەیبێکی هەیە ئەگەر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە بدرێ بە ئیرادەی خەڵک، بە کۆماری بکرێ و ناویشی کۆماری کوردستان بێ. ئایا ئەوە باشتر نییە لەوەی کە حیزب ئەو حکومەتە بە دەسکەوتی خۆی بزانێ و بە دەسکەوتی خۆی تاریف کاو لە نیهایەتیش دا دەسەڵات لەوێ دا بە مافی خۆی بزانێ؟

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە نێوەرۆکی بەرنامەی حکومەتکردن لە کۆماری کوردستان دا، چەند جیاوازییەکی دیکەش بەرجەستەن کە پەیوەندی زۆریان هەیە بە سیستمی دەسەڵاتی خەڵک و میکانیزمی گونجاو بۆ موشارەکەتی بەر فرەوانی خەڵک لە دەسەڵات دا. کەلێرەدا بە پێویست نازانم بە درێژی شیان بکەمەوە تەنیا ئیشارەیەکیان پێ دەکەم. مەسەلەکانی وەک ئازادییە دیموکڕاتی و کومە ڵایەتییەکان، ئازادیی تاکەکان، یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا، پاراستنی مافی منداڵان، سەروەریی قانوون، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گرنگی دان بە کۆمەڵگای مەدەنی ... و گەلێک میکانیزم و ڕێکاری دیکە، هەموشیان بەپێی کۆنڤاسیۆن و قەرارداده نێونەتەوەییەکان لە بەرنا مە دا هاتوون و تەزمینی بە کۆمار بوونی سیستمەکە دەکەن.

لە فەسڵی ئامانجی درێژ خایەنیش دا کە بە تێڕوانینێکی عادڵانە تەنزیم کراوە و لە وێ دا مۆدێرنترین سیستمی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک شی کراوەتەوە، هەوڵێکی باش دراوە کە ئاراستەی عەداڵەتەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و میکانیزمەکانی گەشەی ئابوری، زانستی و کۆمەڵایەتی بگونجێ. لێرەدا زۆرتر باس لە شانسی یەکسان بۆ گە شە کردن دەکرێ، هەتا ئەوەی کە باس لە ئیمکاناتی یەکسان بکرێ. لە لایەکەوە گرووپە نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی و جنسییەکان وەک یەک چاو لێ دەکا و هەوڵی دامەزراندنی موساواتی تەواو دەدا، لە لایەکی دیکە وە بایەخ بە بازاڕی ئازاد و گە شەی ئابوری دەدا. جگە لەوەش سوسیالیزم لێرەدا وەک ئیدەئۆلۆژی نەگۆڕ چاوی لێ ناکرێ، ڕێگای باس و ئاڵ و گۆڕ دێڵێتەوە. جەوهەری دێموکڕاتیک بوونی ئەم سیستمە لە وە دایە کە پێکهاتنی، لە پرۆسەی ڕیفۆرم دا، بە شێوازێکی دێموکڕاتیک و لە ڕێگای بە شداریکردنی خەڵکەوە دێتە دی.مە سەلەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیستمە حیزبی پێشڕەو دیاری نەکراوە. هەم دەنگی تاکی نێو کۆمەڵ و هەم حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوە سنفی و کلتورییە کانیش گرنگیان پێ دراوە. جگە لەوەش ڕێگا هێشتراوەتەوە کە ئەو سیستمە لە گەڵ هەل و مەرجی تایبەتیی کۆمەڵگا و سەردەمی پیادە کردنی دا خۆی بگونجێنێو بەردەوام و بە پێی پێویست لە نێو خۆی دا ڕیفۆرم بکا.

هەر چەند دەکرێ باسی ئەوە بکرێ کە ئایا ئەو دروشمە گونجاوە بۆ ئەوەی وەک ئامانجی درێژ خایەن باسی بکرێ و ئایا بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و حیزبێکی نەتەوەیی

زۆرجار قازانجی حیزبی پلەیەک دەباتە خوار و پێویستە ئەوەش ڕیعایەت بکرێ. زۆرجار هەڵ دەگرێ کە بە قازانجی مەسەلە نەتەوەییەکە دەست لە قازانجی کاتی و ڕەقابەتی حیزبی هەڵگیرێ. کە دیارە بە مانای ئەوە نییە کە ڕەقابەتی حیزبی خراپە، بە پێچەوانە وە، حیزبەکان بۆ ئەوە دروست دەبن کە پێکەوە ڕەقابەتی سیاسی بکەن و دەرفەتی جۆراو جۆر و ئیمکانی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێک بێنن. بەڵام هێندێک هێڵی سوری نەتەوەیی هەن کە دەبێ هەموو ڕیعایەتی بکەن. ئەویش ئەو کاتەیە کە قازانجی گشتیی نەتەوە دەکەوێتە بەر باس

باشتر نییە کە ئامانجی دواڕۆژ پەیوەندی هەبێ بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەیی یەوە، بەڵام باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئەگەر قەرار بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەرنامە دا بگونجێنرێ، ئەوەی لە بەرنامەی کۆنگرەی چاردە دا هاتووە، پڕ بە پێستی ئەم سەردەمەیە. هەر چەندە هەر وەک لە پێشەوە ئیشارەی پێ کرا، کە دەکرێ باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بەشێک لە بەرنامەی کۆماری کوردستان بێ و مە سە لە نەتەوەییەکە، یا بە واتایەکی دیکە چارەسەری ئێگجاری بۆ مەسەلەی نەتەوەیی ببێتە ئامانجی درێژخایەن.

لە باسی سیستمی کۆماری دا هێڵەکانی پەیوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانیش ڕوونتر و باشتر دیاری دەکرێن و ڕێگای دروستی یەکییەتی نەتەوەکان لە ئێران دا نیشان دەدرێ . حاکمییەتی کۆماری فیدراڵی، کە دەسەڵات لە جەماوەری گەلێک وەردەکرێ، پانتاییەکی دێموکڕاتیکی هەیە و لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، لە هەر سیستمێکی دیکە باشتر دەتوانێ مامەڵە بکا. بە دامەزراندنی سیستمی کۆماری فیدراڵ لە سەر بناغەی نەتەوەکان، پەیوەندیی ئۆرگانیکی هەمو ئەو نەتەوانە پێکە وە بۆ هەر قۆناغێک لە مێژوو ئامادە دەبێ. داوای یەکسان بۆ هەمو نە تەوەکان لە ئێران دا پەیوەندی و موناسەباتی داهاتوی ئەو نەتەوانە بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک دیاری دەکا. هەر لەو چوارچێوەیەش دا نەتەوەکانی ناو ئێران لە جیاتی ئەوەی ببنە ڕەقیبی یەکتر و بکەونە بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر، دەبنە دۆست و هاو پەیمانی یەکتر و شەریکی یەکتر لە بەڕێوەبردنی هەمو ئێران دا. تەنیا ئەو کاتەشە کە دەکرێ ئیددیعا بکرێ، کە ئێران هی هەمو نەتەوەکانی نێو ئێرانە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵی داوە بە داڕشتنی وەها ستراتیژییەک ڕێگا خۆشبکرێ بۆ ئەوەی نەتەوەکانی نێو ئێران لە داهاتو دا هەم ئیمکانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بە دەستی خۆیان هەبێ و هەم داوتەڵەبانە بۆ یەکییەتی نێوان هەمو نەتەوەکانی ئێران هەڵبژێرن. هەر بەو مەبەستەش لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە دا پێج پرێنسیپی زۆر گرنگ دیاری کراون کە بریتین لە:

١ . هەر نەتەوەیەک ئازاد و سەربەست بێ لە بەڕێوە بردنی کار وباری ئیداریی ناوچەی خۆی بە هۆی نوێنەرا نی هەڵبژێراوی خۆیەوە.

٢ . هە ر کام لە نەتەوەکان ئەو مافەیان هەبێ کە لە ڕێگای ڕیفڕاندۆمەوە دەنگ بە مانەوە یا هاتنەدەر لە و یەکییەتییە بدەن.

٣ . هە مو نەتەوەکان بە پێی حەشیمەتیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵ دا بەشدار بن.

٤ . ئێرانی فیدراڵ خاوەنی دوو ئەنجومەن بێ، ئەنجومەنی نەتەوەکان و ئەنجومەنی نوێنەران. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەت دیاری بکرێن و هەڵبژێردرێن. بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکان بۆ هەرکام لە نەتەوەکان بە قەدەر یەک بن و هیچ بڕیارێکی گرنگ، بەتایبەت ئە و بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە چارەنوسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەیە، بەبێ پەسند کران لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە کاری پێ نەکرێ.

٥ . ئەگەر بڕیارێک دژایەتی لە گەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەریەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤێتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکان دا پارێزراو بێ.

بەم جۆرە دەبینین هە ڵویستی نەتەوەیی بە تەواوی زاڵە بەسەر بەر نامەی پەسند کراو لە کۆنگرەی چاردە دا و ئەوەش نەک تەنیا بۆ دیفاع لە مافی نەتەوەیی گەلی کورد، بەڵکو بۆ دیفاع لە مافی نەتەوەیی هەمو گەلانی ئێران. جگەلەوەش ڕێکارێکی باش و دێموکڕاتیک پێشنیار کراوە بۆ تەنزیمی عادڵانەی موناسەباتی نێوان نەتەوەکان و بۆ دابەشکردنی عادڵانەی دەسەڵات لە ئێران دا، لە نێوان نەتەوەکان دا.

خاڵێکی گرنگی دیکە لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەدا، بریتی یە لە پێناسەی نەتەوەیی گەلی کورد. کوردلە هەرجێگایەک بێ وەک ئەندامی نەتەوەیەک دەناسرێ بە ناوی نەتەوەی کورد. هووییەتی تاکی کورد ڕوون دەکرێتەوەو پەیوەندیی نەتەوەیی دیاری دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕاستییە دەستنیشان دەکرێ کە نەتەوەی کورد دابەش کراوە و کەوابو پێمان خوش بێ یا ناخۆش، دەگەڵ چەندین هەل و مەرجی جیاواز بەرەو ڕووین و دەبێ لێ گەڕێین هە ر پارچەیەی کوردستان بە پێی هەل و مەرجی خۆی بڕیاربدا.

دیارە ئەو هەل و مەرجە سەپێنراوەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە چارەنوسمان بە جیاواز بزانین. بەڵکوو لە مەسەلە گشتییەکەدا پێویستە یار و هاوکاری یەکتر بین و سەرکەوتن و تێشکانی یەکتر بە هی خۆمان بزانین. ئەوەش بە جوانی لە بەر نامەی حیزب دا هاتوە. کورد لە هەر جێگایەک بێ دەبێ پشت و پەنای یەکتر بێ. لە ئەزموونەکانی یەکتر فێر بێ و هەوڵ بدا یارمەتی دەر بێ بۆ هەر ئەزموونێک. لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا پێویستە یەک دەنگی هەبێ و بە یەکگرتوویی دەرکەوێ. سیاسەتی نەتەوەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش هەر لە بەرنامەکەیەوە هەڵ دەهێنجرێ. گرنگی دان بە مەسەلەی نەتەوەیی، زۆرجار قازانجی حیزبی پلەیەک دەباتە خوار و پێویستە ئەوەش ڕیعایەت بکرێ. زۆرجار هەڵ دەگرێ کە بە قازانجی مەسەلە نەتەوەییەکە دەست لە قازانجی کاتی و ڕەقابەتی حیزبی هەڵگیرێ. کە دیارە بە مانای ئەوە نییە کە ڕەقابەتی حیزبی خراپە، بە پێچەوانە وە، حیزبەکان بۆ ئەوە دروست دەبن کە پێکەوە ڕەقابەتی سیاسی بکەن و دەرفەتی جۆراو جۆر و ئیمکانی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێک بێنن. بەڵام هێندێک هێڵی سوری نەتەوەیی هەن کە دەبێ هەموو ڕیعایەتی بکەن. ئەویش ئەو کاتەیە کە قازانجی گشتیی نەتەوە دەکەوێتە بەر باس.

تا ئێستا زۆرتر باسی خاڵە بەهێزەکانی کۆنگرەی ١٤ کراو هیچ ئاوڕێکیش لە وە نەدرایەوە کە تا کوێ توانیومانە سیاسەتی ڕۆژانەمان لە سەر ئەو پەسندکراوانە تەنزیم کەین و چەندە سەرکەوتووین کە ئەو نێوەروکە دەوڵەمەند و گونجاوەی پڕۆگرامی حیزب بگەیەنینە نێو کۆمەڵانی خەڵک. ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە لە ماوەی دوای کۆنگرە ی ١٤ هەتا ئێستا زۆر کەم پڕژاوینە سەر ئەوەی کە پڕۆگرامەتازەکەمان بناسێنین و سیاسەتەکانمان لە سەر بناغەی ئەو بەرنامە نەتەوەییە داڕێژین. یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەو کەمتەرخەمییە ئەوە بووە، کە ئێمە هەرچەندیش خۆمان بواردبێ لە ڕەقابەتی ناسالم لەگەڵ هاوڕێیانی پێشووی خۆمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، بەڵام لە کردەوەدا زۆر لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەرگیر بووین. ڕاستە هەوڵمان داوە خۆمان لەو گێژاوە بێ ئاکامە دوور خەینەوە، بەڵام زۆرجار ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بەسەر هەلومەرجەکەدا زاڵ بووە، کە ڕێگای خۆدەربازکردنمان لێ گیراوە.

جگە لەوەش ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا زۆرکەم خۆی خەریک کردوە بە ناساندن و تەبلیغ کردنی ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بە سەر بەرنامەی حیزب دا هاتوون. دیارە ئەوەش هەروا بە بێ دەلیل نەبووە. مەسەلەی جێگیربوونی حیزب و زاڵبون بەسەر کەش و هەوای نائومێدیی دوای لەتبوون دا، دەرەتانی کەمی بۆ ڕێبەرانی حیزب هێشتوەتەوە تا ئاوڕێکی جیددی لە شیکردنەوەی بەرنامە و بەدەستهێنانی جێ پێ بۆ ڕیفۆرمەکان بدەنەوە. هەرچەندە ئەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ پاساو بۆ کەمتەرخەمیی ڕێبەرایەتیی حیزب لەو بارەوە بێنێتەوە. هەروەها مەسەلەیەکی زۆرگرنگ لەو ماوەیەدا کە هەم وەخت و هەم زیهنی ڕێبەرایەتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، ئاڵو گۆڕەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا بوو. حیزبی ئێمە هەر زۆر زوو، تەنانەت ماوەیەک پێش هەڵبژاردن لە وە تێ گەیبوو کە ئەو هەڵبژاردنە دەکرێ ببێتە دەرفەتێک بۆ بە چالش کێشانی ڕژیم و هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران. هەروەها حیزب لەوە گەیبوو کە قەیرانی حاکمییەت بە ئەوجی خۆی گەیشتوەو هەڵبژاردن دەکرێ ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ قووڵکردنەوەی ئەو قەیرانە و ڕێگا خۆشکردن بۆ ئاڵ و گۆڕی جیددی لە ئێران دا. هەربۆیە حیزبی ئێمە ئەو جارە هەڵوێستێکی جیاوازی گرت لە سەر مەسەلەی هەڵبژاردن و بە پێچەوانەی هەڵوێستی باو لە ساڵەکانی دوایی دا، ئەمجارە هەڵبژاردنی تەحریم نەکرد و ئامۆژگاریی ئەوەبوو کە بکرێتەدەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکان و بە چالشکێشانی ڕژیم. کە دیارە ئەو مەسەلەیەش دوو ئەنجامی بەدواوە بوو، لە لایەک کاتێکی زۆری ڕێبەری گرت تا بتوانرێ ئەو هەڵوێستە تازەیە جێگیربکرێ و لە لایەکیشەوە دیرایەت و وشیاریی سیاسیی ڕێبەرایەتیی حیزبی سەلماند و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش ئەو مەسەلەیەی نیشان دا. بەڵام ئینکاری ئەوە ناکرێ کە لە سەر لادانی سەرنجی ڕێبەرایەتی بۆلای مەسەلەکانی ڕۆژ و دوورکەوتنەوە لە بیری بڵاوکردنەوەی بەرنامەی حیزب و مەسەلەی ڕیفۆرم دا شوێنێکی بەرچاوی هەبوو.

ای رەشەمەو دەرکەوتنی لاوازییەکان

حسێن ئەحمەدپوور

بۆ ڕۆژی ١ی رەشەمە زۆربەی حیزب و لایەنەکانی کوردستان پشتیوانیان لە حەرەکەتە ئیعترازییەکان کردو داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە هاوکات لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بن. بەڵام لە کوردستان خەڵک پێشوازیان نە لە بانگەوازی هێزە کوردستانییەکان و نە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری کرد. ئەم هەڵوێستە یان (بێ هەڵوێستیەی!) خەڵکی کوردستان پێویستی بە شیکردنەوەو تێرامانەو کۆمەڵێک پرسیار دەدرووژێنی.

هێزە کوردییەکان هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردستان تەنیا لە سەر داوای ئەوان دەدرووژێ و نەبێزی ئەو کۆمەڵگایە لە دەستی ئەواندایە، ئەگەرچی بەختەوەرانە ماوەیەکە ئەم هێزانە لەو خۆ بەزلزانییە دوور کەوتوونەتەوە کە جاران هەر کام لەو هێزانە پێیان وابوو کە بە تەنیا دەتوانن خەڵک بێنە سەر شەقام، چونکە هێزی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردستانن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمجارەیان بە هەموویانەوە نەیانتوانی. بەر لەوەیکە ئەم بابەتە بچینە نێو مەبەستی سەرەکیی ئەم بابەتە پێویستە ئاماژە بە تەنیاو گرنگترین دەسکەوتی ١ی رەشەمە بکەین، ئەویش ئەوەیە بە باوەڕی من دەسپێکی «حەرەکەتی روو بە یەکیەتیی» ئۆپۆزیسیۆن چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی ئێراندا بوو. بەو واتایە دەکرێ بڵێین یەکەمجار بوو ئۆپۆزیسیۆن لە سەر بابەتێک هاودەنگ بوون.

لە کوردستان لە ریفۆرمخوازانەو بگرە تا دەگاتە ئەو هێزانەی کە ٣٠ ساڵە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامین، یەک پەیام و یەک داخوازیان هەبوو، تەنانەت دەتوانین بڵێین بەیاننامەی ریفۆرمخوازانی کورد لە بەیاننامەی حیزبەکان توندترو مایەی خۆڕاگری و شۆڕشگێڕانەبوونی زیاتر تیدا بەدی دەکراو لە ئاستی سەرتاسەریشدا تا رادەیەک هەر بەو شێوەیە بوو. بۆیە ئەم حەرەکەتە جێگەی هومێدو دڵخوشییە. ئێمە دەزانین تەنیا کاتێک شۆڕشێک دەتوانی سەرکەوێ کە هەموو یان زۆرینەی لایەنەکان تێیدا بەشدار بن. گەورەترین کۆسپ لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە ئێران ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە هۆکاری جۆراوجۆر ئامادە نین دان بە یەکتردا بنێن، بەڵام بۆ نارەزایەتییەکانی ١ی رەشەمە سەرەتای رەوتێک دەستی پێکرد کە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا دەکرێ وەک رەوتی «حەرەکەتی روو بە یەکیەتیی» پێناسەی بکەین و تا ئەم رەوتەش گەشە نەکا ئەگەری پاشەکشە کردن بە کۆماری ئیسلامی زۆر لاوازە.

بۆ لە کوردستان خەڵک پێشوازیان لە بانگەوازە جۆراوجۆرەکان نەکرد؟

١ــ ١ی رەشەمە بە بۆنەی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ٢٥ی ڕێبەندان دیاری کرابوو. مێدیای حیزبە کورستانییەکان چ بۆ ٢٥ی ڕێبەندان و چ لە ماوەی نێوان ٢٥ی ڕێبەندان و ١ی رەشەمە زۆر بە لاوازی جووڵانەوە. خەڵکی کورد کە لە ریگەی تەلەویزیۆنەکانەوە ئاگاداری هەڵوێستی حیزبەکان دەبن، ئەم تەلەویزیۆنانە لە ڕۆژەکانی یەکەمدا بە لاوازترین شێوە ئەو ڕووداوانەیان رووماڵ کردو دواتریش هیچ هاندانێکی تێدا نەبوو تا خەڵک بەشداری لە ئیعترازاتەکاندا بکەن.

بۆ دەرک کردنی ئەم بابەتە تەنیا ئەوەندە بەسە کە بۆ نموونە عەمەلکردی مێدیاکانی سەر بە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بەراورد بکەین لەگەڵ بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ساڵانی رابردوودا. کە ئەو مێدیایانە لە ٢٢ی پووشپەری ساڵانی رابردوودا بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە هاندانی خەڵکی زۆر تێدا بەدی دەکرا بەڵام بۆ یەکی ڕەشەمەی ئەمساڵ هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەبوو.

٢ــ درەنگ هەڵوێست گرتنی حیزبەکان: ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ بەر لە ١ی رەشەمە حیزبەکان داوایان لە خەڵک کرد کە پەیوەست بە حەرەکەتی ئیعترازی بن، تەنانەت یەکێک لە حیزبەکان دواییەن ساتەکانی ٣٠ی ڕێبەندان بەیاننامەی پشتیوانی بڵاو کردەوەو شەوی دواتر لە مێدیاکانی بڵاوی کردەوە. ئەم حیزبەکان وەها کاریکیان نەکردبوو، دەنا بێ گومان لە مێدیاکانی خۆیانەوە وەک هەوالیش بێ بڵاویان دەکردەوە، لە لایەکی دیکەوە هیچ حەرەکەتێکی ئیعترازی بێ ریکخستن بەڕێوە ناچێ. هاتنە سەر شەقام بێ دەسپێشخەری وشیارانەی کۆمەڵێک کەس سەرناگرێ، کە بە دڵنیاییەوە هیچ دەسپێشخەرییەکی وەها لە لایەن هیچ هێزو گرووپێکەوە نەکراوە...

٤ــ سەرلێشێواندن لە خەڵک: لەو بەیانییە و داخوازیانەی کە لە لایەن درەنگ هەڵوێست گرتنە ئەوە نیشان دەدا کە حیزبە کوردستانییەکان هیچ چەشنە ئامادەییەکیان بۆ ئەم ڕۆژە نەبووەو هیچ ئامادەکارییەکیشیان نەکردووەو دەرکردنی بەیاننامەی پشتیوانی بانگەواز تەنیا بۆ لەکۆل خۆ کردنەوەو نەچوونە ژێر پرسیار لە داهاتوودا بوو.

٣ـ کاری ریکخستن و چالاکیی لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان: بە ئاشکرا دیار بوو کە کەمترین کاری ریکخستن نەکراوە. هەرکام لە حیزبەکان لە بۆنەکانی خۆیاندا لە ریگەی ریکخستنەوە کاری تەبلیغی دەکەن و بە شێوەیەکی حزووری بەستێنی حەرەکەتێک ئامادە دەکەن. بەڵام بۆ ١ی رەشەمە هیچ کام لە هێزە کوردییەکانیش بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک نایەکگرتوویی، ڕوون نەبوونی دروشم و داخوازی و... توانای دروست کردنی ئەو ئەنگیزەیەیان نیە. هێزە کوردییەکان دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە چۆن دەکرێ خەڵکێک بهێنە سەر شەقام بۆ پشتیوانی لە بانگەوازێک کە مووسەوی و کەڕووبی و ریکخراوەکانی نزیک لەوان داوایان کردوە، ئەوە لە کاتێک دایە تا ئێستاش زۆربەی هێزە کوردییەکان هەڵوێستی نیگەتیڤیان لە سەر ئەو دوو کەسەو ریکخراوەکانی دەوروبەری ئەوان هەیە. خەڵکی کورد لەم پارادۆکسە تێدەگەن و دەشزانن کە ئەگەر حەرەکەتێکیان کردبایە بە ناوی ئەوانەوە تەواو دەبوو، نەک لە سەر حیسابی بەهێزبوونی گوتاری نەتەوەیی کورد. ئەگەریش باوەڕمان بەو قسەیە نەبێ دیسانەکە دەتوانین بڵێین ئەوا بەشداری نەکردنی خەڵکی کورد بەو هەڵەو کەموکوڕیانەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیانە، بە قازانج بوو. چونکە بەڕاستی ئەگەر خەڵکی کوردستان ١ی رەشەمە بەشداریان کردبایە، ئەوا لە سەر حیسابی مووسەوی و کەڕووبی تەواو دەبوو نەک بزووتنەوەی کوردستان، وەک چۆن دێتمان سایتەکانی نزیک بەو دوو کەسە چۆن هەواڵی ناڕاستیان لە سەر کوردستان بڵاو دەکردەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حیزب و لایەنە کوردستانییەکان نابێ لەوە زیاتر خۆیان لە بێ خەیاڵی بدەن و دەبێ خۆیان ساغ بکەنەوە کە چۆن تەعامول لەگەڵ بزووتنەوەی سەرلەسەریی ناسراو بە بزووتنەوەی سەوز دەکەن و بە گوتارێکی هاوبەشەوە ڕووبەڕووی ئەم بزووتنەوەیە ببنەوەو لە ریکخستن و ڕاگەیاندنیاندا هاو ئاهەنگی دروست بکەن کە بۆ ئەم مەبەستەش نەک بەرە (کە وەک خەونی لێهاتووە) بەڵکو لانیکەم ستاد یان کومیتەیەکی هاوبەش لە کادرەکانیان پێک بێنن تا لە سەر ئەم بابەتە کار بکەن.

هەزینەدانی کورد لە سەر حیسابی بەهێزبوونی گوتاری مووسەوی و کەڕووبی تەواو دەبوو، نەک لە سەر حیسابی بەهێزبوونی گوتاری نەتەوەیی کورد. ئەگەریش باوەڕمان بەو قسەیە نەبێ دیسانەکە دەتوانین بڵێین ئەوا بەشداری نەکردنی خەڵکی کورد بەو هەڵەو کەموکوڕیانەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیانە، بە قازانج بوو. چونکە بەڕاستی ئەگەر خەڵکی کوردستان ١ی رەشەمە بەشداریان کردبایە، ئەوا لە سەر حیسابی مووسەوی و کەڕووبی نەک بزووتنەوەی کوردستان، وەک چۆن دێتمان سایتەکانی نزیک بەو دوو کەسە چۆن هەواڵی ناڕاستیان لە سەر کوردستان بڵاو دەکردەوە

ئازادی بەیان لە دەڵاقەی حیزب دا

سامان فەقێ نەبی

لە قامووسی سیسسی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد دا «حیزب» واتایەکی جیاوازی لەگەڵ مانای ئەم نیهادە سیاسییە لە دونیای کراوەدا بەخۆیەوە گرتووە. داگیرکراوی کوردستان بارودۆخێکی بەرهەم هێناوە کە «حیزب» بە شێوەیەکی ناتەندروست لەگەڵ چەمکی شەفافییەت و ئازادی و بەهاکانی سەردەم مامەڵە بکات. «حیزب» لە کۆمەڵگەی کوردیدا خۆی بە ناچار زانیوە کە خۆی بە مانای «گەل» دانێت و لەو ریگەیەوە شەرعییەت بۆ هەڵوێست و کردەوەکانی گرەنتی بکا. ئەم لۆژیکە ئائاساییە دەکرێ لەو ڕستەیەدا کورت بکرێتەوە کە حیزب، گەلە و بۆ گەلیش هەمان حیزبە!

لەو ژینگە سیاسییەدا «حیزب» خۆی بە مافدار دەزانێ کە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکان چوارچێوە دابنێ و هەر کەسێک بە پێچەوانەی مەیل و چوارچێوە داڕشتراوەکانی حیزب هەڵسووکەوت بکا بە «دژە حیزبی» و تەنانەت «دژە گەلیش» ناوزەد بکا. بێ گومان ئەمەش جۆرێکە لە «فتوا». فتوای حیزبی لە کوردستان بە پێچەوانەی فتوای دینی مەشروووعییەتی لە ئاسمان وەرنەگرتووە، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە «حیزب» لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە فەزایەکی ڕەوانی درووست دەکا کە بتوانێ منەت بەسەر گەلدا بکات.

زۆر چەمک و بەها هەن کە لە حالەتی حیزب- بزاڤ (حزب- جنبش)دا، دەکەونە ژێر کاریگەریی خوێندنەوەی حیزبیانە بۆ ئەم چەمک و بەهایانە کە لێرەدا ئاماژە بە چەمکی «ئازادی بەیان» دەکەین؛ لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدا، حیزبی زیندوو ئەندامان و تەنانەت گەل لە دەوری بیروڕای هاوبەش کۆ ناکاتەوە بەڵکوو ئەوە ئامانجی هاوبەشە کە دەبێتە ئاڵقەی هاوپێوەندی ریزەکانی حیزب. تاک لە نێو پێکهاتەی جیاواز بەردەوام لە دوو ئامرازی «بەرپرسایەتی» و «مەترسی» کەڵکی وەرگرتووە؛ ئەم دوو ئامرازە دوو چەکی شاراوەی کاریگەرن بۆ تەکفیری کەسانی کاریگەرن بۆ تەکفیری کەسانی کاتێکیش کە شەفافییەت بوونی نەبێ و تۆزی بەسەردا بکرێ، دەرگە بۆ ڕەشەبای ڕەخنە و تەنانەت گازندەی نالۆژیکیش دەکرێتەوە. لێرەدایە کە چەمکی « ئازادی بەیان» بۆ دەسەڵاتدارانی حیزب دەبێتە مۆتەکە و لای کەسانی ڕەخنەگریش دەبێتە ئامرازی ڕەخنەی ڕەوا و هێرشی ناڕەوا و ناوزڕاندنی حیزب یان دەسەڵاتدارانی حیزب. لە کوردستان ئەم بازنە بێ سوودە لە ڕۆژی لەدایک بوونی حیزبەوە لە کوردستان گەیاندووە.

لەو کاتانەش دا کە ڕێژەی کەسانی تەکفیرکراو (بەناو دژە حیزبی) زۆر بووە، جیابوونەوە و تەنانەت لەتبوون هاتوتە کایەوە و دواتر دیسان هەمان سیستم و میتودەکانی رابردوو دووپات کاراونەتەوە.

نەبوونی شەفافییەت و هاوکات بەرتەسک کردنی ئازادی بەیان بە بیانووی ئەوە کە هێندێک لە ئەندامانی «حیزب» هەست بە بەرپرسایەتی ناکەن و مەترسی بۆ سەر «حیزب» درووست دەکەن، حەکایەتێکی ترازدی و هاوکات کۆمێدییە (بە هۆی دووپات بوونەوەی بەردەوامی ئەم مەسەلەیە) کە نە دەمراستەکانی «حیزب» و نە ڕەخنەگرانی «حیزب» بەم شێوەیە لە قەتیس ماوی دەرباز ناکات.

تێبینی: (مەبەست لە «حیزب» لەم نووسینەدا، حیزبێکی دیاریکراو نییە و نووسینەکە چوارچێوەیەکی گشتی و بابەتی لەخۆ دەگرێ).

حیزبی کوردی لە قۆناغی خەبات دا بۆ کپ کردنی دەنگی جیاواز بەردەوام لە دوو ئامرازی «بەرپرسایەتی» و «مەترسی» کەڵکی وەرگرتووە؛ ئەم دوو ئامرازە دوو چەکی شاراوەی کاریگەرن بۆ تەکفیری کەسانی ڕەخنەگر لە دۆخی ئارایی و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری حیزب بۆتە کلتوورێکی جێکەوتوو

حیزبیدا مەشروووعییەت لە حیزب وەرناگرێ، بەڵکوو ئەوە تاکە کە بە خستنە سەری توانا کانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی باقیی ئەندامان، شەرعییەتی زیاتر بە حیزب دەبەخشێ.

حیزبی کوردی لە قۆناغی خەبات دا بۆ کپ کردنی دەنگی جیاواز بەردەوام لە دوو ئامرازی «بەرپرسایەتی» و «مەترسی» کەڵکی وەرگرتووە؛ ئەم دوو ئامرازە دوو چەکی شاراوەی کاریگەرن بۆ تەکفیری کەسانی ڕەخنەگر لە دۆخی ئارایی و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری حیزب بۆتە کلتوورێکی جێکەوتوو. نەبوونی شەفافییەت کە سەرچاوەی زۆربەی کەم و کوڕییەکانی حیزبە، لە ژێر سێبەری هەبوونی مەترسی لەسەر حیزب و، پێویستی بەرپرسایەتی تاکی حیزبی پەردەپۆش دەکرێ.

تا دواییەن ڕۆژ بەردەوام دەبێتەوە و تاکوو هەنووکە جیا لە تەکفیری هێندێک لە ئەندامانی حیزبی لە لایەن دەسەڵاتدارانی حیزبەوە و ڕەش کردنی سیمای حیزب لە لایەن کەسانی تەکفیرکراو هیچی لێ شین نەبۆتەوە و خەسارێکی گەورەی بە خەباتی رزگاریخوازانە لە کوردستان گەیاندووە.

زمان و ئامرازی هاوچەشنی دیکتاتۆرەکان

منوچهر صالحی

وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی تونیس و میسر دەردەکەوێ کە دیکتاتۆرەکان، هەرچەند دەتوانن سەر بە سیستمگەلی جیاوازی سیاسی بن، بەڵام هەموویان بە یەک زمان دێنە ئاخاوتن و لەم نیوەندەدا چ جیاوازییەکی نییە کە ڕێبەری حکومەتێکی سۆسیالیستی، سیکۆلار یا ئەوەیکە وەلی فەقیهی ڕێژیمێکی ئایینی بێ. هەموو دیکتاتۆرەکان بۆ ڕەوایی دان بە دەسەلاتی ئارەوای خۆیان لە زمان و ئامرازدا هاوبەشن و بۆ دابین کردنی دەسەلاتی خۆیان لە ئامرازی وەک یەک کەڵک وەردەگرن. لێرەدا کورتەیەک لەم زمان و ئامرازە وەکیەک و هاوچەشنانە دێنینە بەرباس.

١. دیکتاتۆری بەبێ «کیش شخصیت» ناتوانێ بوونی هەبێ. ئیستالین لە ڕووسیا بوو بە « مامۆستای گەورەی پرۆلتاریای جیهان». لە ئاڵمان لە سەردەمی دەسەلاتداریتی نازییەکاندا هیتلەر بە ڕێبەر ناو نرا و لە ئێرانی سەردەمی پەهلەوی، محەمەدرەزاشا بە «ئاریامێهر» و لە کۆماری ئیسلامیدا خومەینی بە ئیمام و ڕێبەری ئینقلاب و خامنەیی بە ڕێبەری گەورەی شۆڕشی ئیسلامی ناوبانگیان دەرکرد. بە دەستەواژەیەکی تر، لەو وڵاتانەی کە ڕێبەرانی سیاسی دەبنە سوپەرمان و بەرزە مرۆڤ یان بە خوا و ئیمامەکانەوە دەبەسترێنەوە، لەگەڵ حکومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان بەرەوڕووین. لە بەرامبەردا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دێموکراسی بەرامبەریی حقووقی تاکەکان لەگەڵ یەکترە بەم هۆیەوە لە هیچ کام لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا دیاردەی « کیش شخصیت» بەرچاو ناکەوێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاغای ئۆباما بە سەرۆک کۆمار، لە ئینگلیستان داوید کامیرون بە سەرۆک وەزیر و لە ئاڵمان خاتوو ئانگیلامێرکیل بە سەدری ئەعزەمی وڵاتەکانیان ناسراون نە شتێکی زیاتر. (کیش شخصیت: دیاردەیەکە کە تیدا مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیەنە گشتییەکان و پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی هێژمونی سیاسی، سیمایەکی ئارمانی و قارەمانانە لە خۆی پێشان دەدا).

سەرجەم دیکتاتۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەنیا کەسانێک کە داردەست و بەکرێگیراوی بێگانەکانن، لەگەڵ سیاسەت و شێوازەکانی دەسەلاتداریتی ئەوان دژایەتی دەکەن.

٢. لە هیچ کام لە وڵاتە دیکتاتورییەکاندا ئازادیی چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکان بوونی نییە. چونکە دیکتاتۆرەکان بایەخێک بۆ بیروڕای گشتی دانانێن. لەم وڵاتانەدا ساتوری سانسۆر لەسەر سەری ڕۆژنامەنووسان و نووسەران هەڵاوەسراوە و هەر دەم دەتوانی بەسەر سەریاندا بێتە خواری. بە ڕوانینێک لە وڵاتانی جیهان ئەوە دەردەکەوێ کە تەنیا لە حکومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکاندا، ڕۆژنامەنووسان تووشی گیران، بەندیخانە و تەنانەت ئێعدام و کووشتن دەبنەوە. ئاستی سانسۆر لە هەر وڵاتێکدا بە بەراوردکردنی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارە داخراوەکان و ڕۆژنامەنووسە زیندانی کراو و دوورخراوەکان باشتر دەردەکەوێ و لەم پێوەندییەدا کۆماری ئیسلامی خاوەنی کارنامەیەکی زۆر ڕەش و سیمایەکی دزێو و ناحەزە. لە وڵاتە دیکتاتورییەکان ڕاستی و حەقیقەت ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵکوو گوتار و کرداری دیکتاتۆرەکان محەکی دیاریکردنی واقعییەت و ڕاستییە.

٣. لە ڕێژیمە دیکتاتورییەکاندا لەگەڵ سیستمی بێ حیزبی، یەک حیزبی و چەند حیزبی کە لە لایەن دامەزراوە سەرکوتکارەکانی دەوڵەتی دیکتاتۆرەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەرەوڕوویین. لە ئیستادا لە وڵاتی چیندا ئەگەرچی سیستمی چەند حیزبی بوونی هەیە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست ئاغا و کوێخای وڵاتە. پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ، شا لە سەرەتادا بێ بوونی حیزبەکان دەسەلات و پاشایەتی خۆی کرد، پاشان بە لاسایی کردنەوەی وڵایەتیە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دامەزراندنی حیزبە ڕواڵەتی و تەشریفاتیەکانی»ملیون» بە ڕێبەریی منوچێهری ئیقبال و «مردم» بە ڕێبەریی ئەسەدوڵلا عەلەم سیستمی دوو حیزبی هێنایە کایەوە و سەرەنجام بە پێکهێنانی حیزبی ڕەستاخێز مۆدێلی یەک حیزبی لە ئێراندا سەقامگیر کرد. لە کۆماری ئیسلامییشدا هەرچەند لەسەرەتادا بە پێکهێنانی حیزبی»جمهوری اسلامی» هەوڵی بەدیهێنانی دێموکراسی چەند حیزبی درا، بەڵام بە خێرایی زۆربەی حیزبەکان سەرکووت، قەدەغە یان لە کار و چالاکی ئاشکرا بێبەش کران.

٤. هەموو دیکتاتۆرەکان وای نیشان دەدەن کە لە پشتیوانیی زۆرینەی خەڵک بەهرەمەندن. بولشویکەکان لەگەڵ ئەوەیکە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی دامەزرێنەران (موسسان) دا کەمتر لە ٢٥٪ دەنگەکانی خەڵکیان وەدەست هێنابوو، بەڵام خۆیان بە نوێنەری کرێکاران و جووتیاران دەزانی کە زۆرینەی بەرچاوی خەڵکی ڕووسیایان پێک دەهێنا و بە ناوی ئەو زۆرینە ناڕاستەقینەوە دیکتاتۆریی حیزب و سکرتێری گشتیی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا سەپاند. لە دواییەن هەڵبژاردنی فەرمایشی لە عێراق سەردەمی حوسێن بە ٩٩٪، لە تووس بن عەلی بە ٨٩٪ ولە میسر حوسنی موبارەک بە ٨٨٪ی دەنگەکان هەڵبژێرداران. ئەوان ویستیان بە ساختەکاری لە ژماردنی دەنگەکان و پێشگرتن لە بەشداریی بەربژارەکانی تر لە هەڵبژاردندا بیروڕای گشتی خۆیان و خەڵکی جیهان هەڵخەڵەتێنن و وا نیشان بدەن کە لەوەها ڕەوایی پێدان و پاڵپشتییەکی خەڵکی بەهرەمەندن کە سیاسەتوانانی وڵاتە دێموکراتیکەکان تەنانەت ناتوانن خەونیشی پێوە ببینن. ئەوان لە وڵاتانی خۆیان بە بەدەستهێنانی وەها ڕەوایی پێدانێکی درۆیین بە ناوی زۆرینە، هەر چەشنە دەنگێکی نارازیبان بە دڕندانەترین شێواز و ئەشکەنجەکان سەرکووت کرد و هەنووکەش دەیکەن.

لە ئێرانیش مەحموودی ئەحمەدی نژاد ساڵی ١٣٨٧ لە شانۆیەکی هەڵبژاردندا بە ٦٣٪ی دەنگەکانی خەڵک دەبووایە سەری لە سندووقەکانی دەنگدان هێنابایە دەر و خامنەیی بە ناوی ئەم زۆرینە»مجازی» و درۆیینە بڕیاری سەرکووتی دڕندانەی بزووتنەوەی سەوزی دەرکرد کە بزووتنەوەیەکی شارۆمەندیی چینی مام ناوەنجیی ئێران بوو. ئەم بزووتنەوەیە توانی هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای دروووست بوونییەوە بە هێنانەگۆڕی دروشمی «دەنگی من لە کوێیە؟» لە شارە گەورەکان و زانستگاکانی ئێران زیاتر لە دە ملیۆن کەس لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ بکاتەوە و پێگەی جەماوەریی بەهێز و بەرینی خۆی بەدەر بخا.

٥. سەرجەم دیکتاتۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەنیا کەسانێک کە داردەست و بەکرێگیراوی بێگانەکانن، لەگەڵ سیاسەت و شێوازەکانی دەسەلاتداریتی ئەوان دژایەتی دەکەن. بە دەستەواژەیەکی تر، دژبەرانی خۆجێیی لەم وڵاتانەدا دەسبەجێ تاوانی سیخوڕی کردن بۆ بێگانەیان دەدرێتە پاڵ. لە ڕووسیای سۆڤیەتی لە سەردەمی ئیستالیندا نزیکترین هاوڕێیانی لینین و کەسانێک کە لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبردا ڕۆلێکی بەرچاوتر لە ئەویان گێرا، بە تاوانی جاسووسەکانی ئیمپڕیالیزم سزای ئێعدام یان زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپا. لە ئێران لە سەردەمی شادا هەموو نەیارانی ئەو، کۆمۆنیستی سەر بە شۆڕەوەی یان نۆکەری کۆنەپەرستیی ڕەش (ارتجاع سیاه) بوون. ئێستاکەش هێندێک لە پشتیوانانی ئەحمەدی نژاد ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بێگانەکان و وڵاتانی دەرەکی زیاتر لە یەک ملیارد دۆلاریان لە ئیختیار ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز ناوە هەتا بە وەرێخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە لاواز بکەن. لە میسر عومەر سلێمان سەرۆک کۆماری موبارەک ئیدیعای ئەوە دەکا کە بێگانەکان و بە تایبەت ئیسرائیل و قەتەر پوولیان لە نێو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە بۆ ئەوەی بێنە سەرشەقام و دژی حوسنی موبارەک خۆپیشاندان وەرێبخەن. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم نموونانەدا ڕاسپێردراوان و جاسووسانی بێگانە دەتوانن بە ملیۆنان کەس بکێشنە سەر شەقامەکان، یانی زۆرینەی جەماوەرپشتیوانی لە ویست و سیاسەتی ئەم نۆکەرانەی بێگانە بکەن!!

٦. پاش سەرکەوتنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و ڕووخانی حکومەتە سەرەڕۆکان، لایەنگرانی دیکتاتورە بەزیو و لەسەرکار لابراوەکان، بزووتنەوەی خەڵک بە فێتنە ناو دەبەن هەتا ئەوە زەق بکەنەوە کە ڕووخانی دیکتاتۆرەکان نە ویستی خەڵک، بەڵکوو ئاکامی پێلانی هاوبەشی هێزەکانی بێگانە و سیخوڕە خۆماڵییەکانە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە ئێران، لە لایەک شاپوری بەختیار و لە لایەکی دیکەوە ئەشرەفی پەهلەوی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانییان نەک بە شۆڕش بەڵکوو بە فێتنە ناو برد. چونکە ڕاپەڕین خاوەنی پاڵنەری ناوخۆیی و لە بەرامبەردا فێتنە خاوەنی پاڵنەری دەرەکییە. ئاغای خامنەیییش ناوی فێتنەی بەسەر بزووتنەوەی سەوزدا بری هەتا ئەوە دەربخا کە ئەو چەند ملیۆن کەسە کە ڕژانە سەر شەقامەکان، بوونە ئامرازی دەستی کەسانێک کە ئامانجێکیان جیا لە پێلان دژی وڵایەتی فەقیهی نییە. بەم شێوەیە دەمڕاستەکان ڕێژیمی ئیسلامی بە بەکارهێنانی وشەگەلێکی وەک «فێتنە» یان «پێلان» هەوڵ دەدەن وابنوێنن کە خەڵکی ئێران خودان هزری سیاسی نین و بە ئاسانی فریوی مشتێک بەکرێگیراوی دەرەکی دەخۆن. دیکتاتۆرەکان نەتەوەکان وەک منالە بچووک و سەغیرەکان چاو لێ دەکەن کە ئاگاداری ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان نین و دەستی چەپ و ڕاستی خۆیان پێ لەیەکتر جیا ناکرێتەوە و هەر بۆیە پێویستیان بە سەرپەرشتێک هەیە هەتا بتوانن بۆ بەدەست هێنانی ویست و بەرژەوەندییەکانیان هەوڵ بدا و ڕێگە نەدا کەلاویان بچێتە سەر. دیکتاتۆرەکان خۆیان بە باشترین سەرپەرشتیاری میللەتە سەغیرەکان دەزانن.

٧. دیکتاتۆرەکان لە هەموو شوێنێک لە ئامرازگەلی وەکیەک و هاوچەشن بۆ سەرکووتی بزووتنەوەی خەڵک کەڵک وەردەگرن. لە ڕووسیای شۆڕەوی بڵشویکەکان توانیان بە کۆکردنەوەی بەشێک لە کرێکاران و گوندنشینە برسییەکان لە ڕیزەکانی خۆیاندا، گاردی سوور (گارد سرخ) یانی هێزی نیزامی دڵخوازی خۆیان بۆ سەرکوتی دژبەرانیان ڕێک بخەن. لە ئاڵمان حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیست بە ڕێبەری

تەنیا لە حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکاندا، ڕۆژنامەنووسان تووشی گیران، بەندیخانە و تەنانەت ئێعدام و کووشتن دەبنەوە

هیتلەر توانی بە پێکهێنانی گرووپی هێرش دەست بداتە تیرۆری سەربەشقام، یانی بە بەکارهێنانی توندوتیژی ڕێگە لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و بەربەرەکانیی سەرشەقام لە حیزبە دژبەرەکانی خۆی بگرێ. لە ئێرانی ئێستادا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە توانی بە بەکارهێنانی»لباس شخصی»یەکان کە کەسانی سەر بە دەزگا سەرکوتکەرە جیاوازەکانی ڕێژیمن، بزووتنەوەی سەوز سەرکوت بکا. لە میسر ڕژیمی حوسنی موبارەک هەوڵی دا بە لاسایی کردنەوەی حکوومەتە دڕندەکەی ئێران بە تەیارکردنی هێندێک لات و لووت و مەئموورانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەتییەکان لە بەرگی کەسانی ئاساییدا هێرش بکاتە سەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی خەڵک. بەڵام کوژرانی زیاتر لە سێسەد کەس و بریندار بوونی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە سەرتاسەری میسردا نەیتوانی هێزی بەرگری و خۆڕاگریی خەڵکی میسر تێک بشکێنێ.

٨. لە هیچ کام لە ڕێژیمە دیکتاتورییەکاندا دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ بوونی نییە. لە وڵاتە دێموکراتیکەکان کەسێک کە تاوانێکی دەدرێتە پاڵ، تا کاتێک دادگایەک سزا بۆ ئەو کەسە دیاری نەکا، مرۆڤێکی بێ تاوانە. بەڵام لە سیستمە دیکتاتورییەکاندا پێش ئەوەیکە دادگایەک کەسێک بە تاوانبار بناسێنێ، دانپیانانەکانی تاوانباران لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە و دژبەرانی دیکتاتۆرەکان لە داداگا شانۆیی و ڕواڵەتییەکاندا لە پێوەندی لەگەڵ تاوانی پووچ و هەڵبەستراو داداگایی و بە تاوانی قورس کە لە یاساشدا پێشبینی نەکراون، مەحکووم دەکرێن. دەسەلاتی دادوەری لە وڵاتە دیکتاتورییەکان بە جێگای ئەوەیکە دامەزراوەیەکی دادگەر و عادل بێ، دەبێتە ئامرازی سەرکووت و داپڵوسین لە دەست دیکتاتۆرەکاندا. لە ئێرانی ئێستادا شایەتی بینینی کارەسات و نەهامەتییەکانی دەستی دەزگای دادوەریی سەر بە دیکتاتۆری ئێران، یانی «وەلی فەقیە» ین کە زیندانیانی سیاسی بە تاوانی سیخوڕی بۆ هێزە بێگانەکان، تێکدانی ئاسایشی نیزام و .. بە ئێعدام و زیندانی درێژخایەن و دەرکردن لە سەر پیشە مەحکووم دەکرێن و بۆ ترساندنی خەڵک، بە بیانووی پووچ و بێبنەما هەر ڕۆژ سزای ئێعدام بەسەر کەسێکدا جێبەجێ دەکرێ.

درێژەی:

فەقیری و قۆرتەکانی

بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان. خەم و خەفەتی هەژاری و ژیان لە ئاستێکی نزمدا و هەروەها وەدینەهاتنی زۆر حەز و ئاوات لە ژیانی تاک بە هۆی گرفتی نەدارییەوە و بە قەولێک تووشبوون بە (غروب یزروها) بێ هیوایی لەسەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشوەچوونی ئیمکاناتدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر باری دەروونیی تاکی ناو کۆمەڵگە دادەنێ و چەشنێک بێهێوایی بەرۆکی دەگرێ و بەدەس ڕەشبینی و دڵەڕاوکێو خەمۆکییەوە دەناڵێنێ.

٤. بێبەش بوون لە فێربوون و پەروەردەی پێویست . بە هۆی هەژاری، خەڵک بە زۆری لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کە تەنیا بیر لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خانوو و خواردن و جل‌وبەرگ بکەنەوە و لە زۆر بواری گرینگی بارهێنان و پەروەردەیی بەجێبمێنن. لە ئێستادا بە هەزاران لاو بە هۆی هەژاری و بێدەرەتانی توانای خوێندن لە زانکۆ و زانستگەکانی وەک زانستگەی ئازاد و پەیامی نوور و کەڵک وەرگرتن لە مامۆستا و وانەی تایبەتی و بەسوود و کرێنی کەرەسە و پێداویستییەکانی خوێندنیان نییە و هەزاران منداڵی بێبەش لە خوێندن لە ئێراندا هەیە و زیاتر لەو ڕێژەیەش خەریکی کارکردنن لە تەمەنێکدا کە تەمەنی کار نییە.

٥. شوێندانان لەسەر بیر و باوەڕە ئایینیەکانی خەڵک. خەڵک بە دیتنی جیاوازییە چینایەتییەکان و گوشاری زۆری ئابووری و ملدان بۆ زۆر کاری غەیرەشەرعی، دەرحەق بە بەها ئایینیەکانیش بێمووبالات دەبن و عەدالەت و ڕاستگۆیی و.. بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن و بە قەولێک تەلاق خواردن و سوێندی بەدرۆ و ئۆبالاً کێشانی ناڕاست و نابەجێ ئاشی پێدەگەڕێ.

٦. هەژاری دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و پەرەئەستاندنی لادان و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. دزی و چەتەیی، گیرۆدەبوون بە ماددەسڕکەرەکان، لەش فرۆشی، تەلاق و جیابوونەوە، چوونەسەری تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و دەیان گیر و گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لە دەرەنجامە نەرێنییەکانی هەژارین و دیاردەگەلێکن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێران بە تایبەت لە شارە گەورەکان لە زیادبوون دان و لە کوردستانیش خەریکی پەرەسەندنن..

مامۆستا هەژار، نوێنگەی زمانی رەسەنی کوردی

یارسان

عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی ناسراو بە «هــەژار» یەکێکە لە بەتواناترین قەڵەم و درەوشاوەترین رووخسارەکانی نێو بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و رەنگە هیچ دوور لە راستیش نەبێ کە ئەگەر بڵێین لە هەرە نەمترین و شوێندرانەترین کەڵە پیاوەکانی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییە کە زیاترین کاریگەری و خوشەویستیی لە نێو دڵی هەمیشەیی خەڵکی نیشتمانەکەی دا بۆ خۆی دەستەبەر کردوە.

هەژاری نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر و شاعیری بەتوانای کورد، لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی دیندار و زانست پەروەری بەناوبانگی ناوچەی موکریان دا لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و چاوە گەشە پڕ لە پرسیار و نیگەرانییەکانی بە رووی دنیایەکی پڕ لە چەوساوەنە و نابەرابەری دا هەڵینا.

هێشتا دوو ساڵی زیاتر نەبوو کە دایکی لە دەست دا و لە پێنج ساڵی دا ئەلف و بێ و قورئان لە خزمەتی باوکی دا فێر بوو. پاشان چوو بۆ قوتابخانە و دەستی کرد بە فیربوونی زانستی ئیسلامی لە لای مامۆستا ئایینییەکانی ئەوکاتی وڵاتی کوردەواری. هێشتا منداڵیک زیاتر نەبوو کە باوکی پشت و پەناشی لە دەست داو ئەرکی قورسی بەرپرسایەتیی بنەماڵەکەی کەوتە سەر شان و چیتر نەیتوانی کە لە خزمەتی مامۆستاکانی و لە رێی قوتابخانەوە پەرە بە تێگەیشتن و زانستی خۆی بدا.

هەژار هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خۆشەویستیەکی کەم وێنەی بە شێعر و نووسین و ئەدەبیات هەبوو، و بەردەوام لە حاڵی خوێندنەوەو لەبەر کردنی شێعر و نووسینی شاعیر و نووسەرە گەورەکانی کورد و بیانی دا بووە و کەڵکی لێ وەرگرتووە. هەربۆیەش زۆر بە زوویی و لە هەرەتی لاوەتیی دا وەک نووسەر و شاعیرێکی بە توانا و خاوەن هەڵوێست و سەرنج راکێش لە کوردستاندا درەوشایەوە و توانیی کە لە ئاستی بەرین و بەرفراوان دا پێگە و ناوێکی شایان بەدەست بێنێ. بە جۆرێک کە بە پێی لێوەشاوەیی و قەڵەمە بەتواناکەیەوە لە لایەن ڕێبەری مێژوویی گەلی کوردەوە ـ پێشەوا قــازی محەمــەد ـ وەک شاعیری میللیی کوردستان ناسرا.

مامۆستا هەژار لە تەنیشت شێعر و پەرەپێدان بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی دا، بــەردەوام وەک چالاک و هەڵسوراوێکی ماندوونەناسی کوردیش هەرگیز وچانی نــەداوە و لەگەڵ هەست پێکردنی قووڵی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی یەک لەحزەش لە پێ نەکەوت و تا دواییین ساتەکانی ژیانی لە بواری خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دا لە تێکۆشان و هەوڵی بەردەوام دابوو.

زۆر بە زوویی تێکەڵ بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی (ژ. ک) بوو و لە ماوەی ژیانی کۆماری کوردستانیش دا بە یەکێک تێکۆشەران و چالاکانی سەرەکیی فەرهەنگی و سیاسیی حکوومەتی کوردستان دەژمێردرا و زۆر هەڵسوڕ بوو. پاش نەمانی کۆماری کوردستانیش وەک زۆرێک لە هاوسەنگەرانی بە ناچار ژیانی غەریبیی گرتە بەر و پــەرەوازەی هەندەران بوو، و ساڵانێکی زۆری لە وڵاتانێکی وەک عێراق و سووریا و لوبنان و... دا بەسەر بــرد و ماوەیەکیش لــە شــۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتیی مــەلا مستەفای بارزانیی نەمر درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی مرۆڤانە و کوردانەی داوە. مامۆستا هەژار جیا لە زمان



و ئەدەبیاتی کــوردی و فارسی دەسەلات و تێگەیشتنێکی باش و بەنرخیشی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی هەبوو، و ئەوەش یارمەتیی زۆری دا کە بتوانێ دەقگەلێکی وەک کتێبی «شەفا»ی «ئەبوعەلی سینا» و قورئان بەو پەڕی لێهاتوویییەوە بگوازێتەوە سەر کــوردی. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی «هــەژار» دەسەلاتی بــێ وێنەی بەسەر زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی دا بووە و لە بڕەو و نرخاندنی هەرچی زیاتری قەڵەمی ئەو مامۆستا بایەخدارەی نیشتمانی کوردەواری دا دەوریکی بەرچاوی بووە. بە پێی زانیاری و تێگەیشتنی زۆری لە بەستێنی زمانی فارسی و کوردی دا بەتایبەت دوای وەرگێڕانی کتێبی قورسی «شەفا» لە عەرەبییەوە بۆ فارسی لە لایەن کۆڕی زانیاریی زمانی فارسییەوە بە ئەندامی کارای «فەرهەنگستانی زمــان و ئەدەبی فارسی» لــە تــاران هــەڵبژێردرا و هــەر ئــەوەش بوو بە هــۆی ئەوەی کە لە ڕێی ئەم کاناڵەشەوە ئاستی چالاکی و کارەکانی لە چوارچێوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی و فارسی دا ئەوەندەی دیکەش پــەرە پێ بدا و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کارو کاریگەرەییەکانی لە نێو گۆڕەپانی زمــان و فــەرهــەنگی نەتەوەکەیدا بەرفراوانتر لە جارانیش بکاتەوە. بەداخەوە ئەو شاعیرو نووسەرە گەورە و کەم وێنەیەی وڵاتەکەمان پاش خزمەتی بێ وچان بە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە شاری «کــەرەج» کۆچی دوایی کرد و لەسەر داوای خۆی هێنرایەوە بۆ شــاری زادگــەی، مــەهــاباد و لە گۆرستانی شاعیران و هونەرمەندانی ئەو شارە دا لە تەنیشتی شاعیرانێکی گەورەی وەک «مامۆستا هێمن» و «خاڵە مینی بەرزنجی» بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی ئەسپێردرا.

هەندێک لە کتێب و ئاسەوارەکانی مامۆستا هــەژاری نەمر بریتیتن لە: هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی ـ فارسی)، مەم و زینی خانی (گۆڕین لە کرمانجیی ژوورو بۆ سۆرانی)، قورئــان بە کــوردی (وەرگــێــران)، شەفای ئەبوعەلی سینا (وەرگێران)، ئاڵــەکۆک (شێعر)، بۆ کوردستان (شێعر)، چێشتی مجێور (ژیاننامە)، شەرەفنامەی بەدلیسی (وەرگێران)، چوارینەکانی خەیام (وەرگێران)، چەند نووسراوەیەکی دوکتور عەلی شەریعەتی (وەرگێران)، چەپکە گوڵ (شێعرەکانی شامی کرماشانی)،

چەند نموونەیەکی شێعریی مامۆستا هەژار

بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم
بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە

لە چوارینەکانی خەییام

وەبزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ
ئەو چەرخ و خولەی هەمووی بە فووی تۆ دەگەڕێ
وەبزانە کە لە سەد ساڵی زیای، پاشان چی
مەرگێکە لە سەر ریگات، لە دووی تۆ دەگەڕێ

مەیگێر بە سەرت پردی سیراتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە
زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی
هەر تۆبەیە دەمداتی و ئەویش نەم گەرەکە

چوارینەکانی مامۆستا هەژار

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژیی پەرچەمی تۆ
دڵ و ماڵ و ژیانم دا بە ماچێک
گوتت پێک نایە زۆری من کەمی تۆ

لە چەشنی ئاگرن کۆڵمی گەشی تۆ
لە مار حەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ
بڵێم وەک چی دەچی، هەر گوڵ دەزانم
لە گوڵ ناسکترە، ناسک لەشی تۆ

زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی

وریا ڕەحمانی

ڕۆژی ٢١ی فیوریيە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک ڕۆژی زمانی زگماکی (زمانی دایک) ناودێر کراوە و ڕێزی لێ دەگیرێ. هــۆی ناودێرکردنی ئــەو ڕۆژەش دەگــەڕێتــەوە بــۆ ئــەو کارەساتە دڵتەزێنەی کە لە ٢١ی فیوریيەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لــە وڵاتی بەنگلادێش کە ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهــەڵات دەناسرا ڕووی دا و لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە کە بۆ ناساندنی زمانی بەنگالی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات پێک هاتبوو، لەگەڵ هێرشی تووندی هێزە ئەمنییەتییەکان دا ڕووبــەڕوو بــوونــەوە، و ٥ کەس لەو خوێندکارە ئازادیخوازو وەتەن پەرستانە گیانیان لــە دەســت دا. هــەر بۆیەش ڕێکــخراوی یونسکۆ لەسەر داوای وڵاتی بەنگلادێش و بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ یادی پیرۆزی ئەو خوێندکارە شەهیدانە ڕۆژی ٢١ی فیوریيەی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی لە هەموو دنیادا ناساند.

ئەگەر نەڵێین گرینگترین، بە دڵنیاییەوە یەکێک لــە هــەرە تایبەتمەندییە گــرینــگــەکــانی شــونــاســی هــەر نەتەوەیەکی زیندوو، زمانەکەیەتی. زمانێک کە لە سەرەتای لەدایکبوونی هەر مرۆڤێکەوە فرچکی ژیانی پێوە دەگرێ و لەم کانااڵەوە لەگەڵ دنیای دەوروبــەری خــۆی پێوەندییەکی واتابەخشانە پێک دێنی و بەو لێک تێگەیشتنەی کە پێویستیی گەشەی هەر تاکێک لەنێو کومەڵگەدا دەگات.

زمــان، وەک نوێنگەی شوناسی مــرۆڤ و بــەستێنی پێوەندیی مرۆڤایەتی، ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە، کە قسەی پێ دەکەن. لەو ڕاستایــەدا دەورو کاریگەریی زمانی زگماکی (زمانی دایک) وەک پێویستی و نیازێکی حاشاهەڵنەگرانە بە بــەردەوام، شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. کەچی هێندێک جار دەسەڵاتدارانی وڵاتانێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بە درێژایی مێژوو بە هۆی کۆمەڵێک فــاکــتــۆری سیاسیی تایبەتەوە، ڕێ لە گەشە و ئەزموونی زمانە جــیــاوازەکــانی نــێو چوارچێوەی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتداریتیی خۆیاندا دەگرن و هەوڵێکی بەرین و ماندوو نەناسانەیان بۆ ئێستحاڵە و تواندنەوەی فەرهەنگ و شوناسی نــەتــەوە جــۆراوجــۆرەکــان، لەڕێی پێشگیری کردن لە گەشەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی و ڕێگەنەدان بە پەروەردەی جیاواز وەگەڕ خستووە و لەکاری دەکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە مادەی ١٥ی یاسای گشتیی ئێراندا ڕاشکاوانە باس لە خوێندن و نووسینی هەموو نەتەوە جیاوازەکان بە زمانی خۆیان هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات کراوە و بە واتــای مافێکی سەلمێنراو لەبەر چاو گیــراوە. بــەڵام ئــەوە تەنیا لە چــوارچــێــوەی بــریــارێــکی گشتی دامــاوەتــەوە و هــەرگــیز هــەوڵێکی جیددیی بۆ بەکردەوەکرانی نەدراوە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان نیشانیان داوە ئــەو مــرۆڤ و نــەتــەوانــەی کە ئیمکانی پەروەردەبوونیان بە زمانی زگــماکی خــۆیــان هــەیــە ئەگەری پێگەیشتن و گەشەی کومەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییان لە ڕەوتی بەرەوپێشی تاکەکەسی و نەتەوەیی و جیهانی دا زیاتر دەبێ. ڕێکخراوی یونسکو لە ڕاگەیێندراویکی خۆی دا دەڵێ: پێویستە هەموان

ئەگەر نەڵێین گرینگترین، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، زمانەکەیەتی

هەوڵی جیددی بدەین بۆوەی هەموو زمانە جیاوازەکانی دنیا ئیمکانی ژیانیان هەبێ و بمێننەوە. چون ئەوە بە لەبەرچاو گرتنی دەوری زمان لە پێکهاتەی شوناسی تاک و نەتەوەکان دا جوانی و گەشەیەکی بەرفراوانتر بە فەرهەنگی گشتیی جیهانی دەبەخشێ. «یوهان ئاموس کۆمینیوس» کە بە باوکی پەروەردەی نوێ لە جیهان دا ناسراوە پێی وایە پێویستە مرۆڤ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەگەڵ چەمک و پێناسەی دیاردەکان ئاشنا بکرێ. واتە فێری مانا و ماهییەتی ڕاستەوخۆی دیاردە و شتەکان بکرێ و لەو ڕاستایەشدا بەردەوام لەسەر پێویستی و نیازی کەلک وەرگرتن لە زمانی زگماکی پێداگیری کردووە. «ئاموس کۆمینیوس» دەڵێ: دەبێ سیستمی پــەروەردە تا تەمەنی ١٢ ساڵی تەنیا لە ڕێی زمانی زگماکییەوە بێ و ئینجا لەدوای ئەو تەمەنەوەیە، کە پەروەردە بوون بە زمانی جیاواز لە زمانی ئەسڵی دەتوانێ کاریگەریی باش و ئەرێنی هەبێ.

بە نیسبەت وڵاتی ئێرانەوە پرۆژەی نەتەوەسازی کە لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە دەستی پێکردبوو و لــە پــاش شــۆڕشــیشــەوە لەڕێی یەکسانسازیی دینی و نەتەوەییەوە بــرەوی زیــاتــری پێ دەدرا، هەموو زمانە جۆراوجۆرەکانی نێو پێکهاتەی گشتیی ئێرانی نادیدە گرت و تەنیا زمانی فارسیی وەک زمانی ڕەسمیی ناساند. وەها ڕوێکردێکی نەگونجاو و نــادڕووســت زیانێکی زۆری بە بنەما فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران بە گشتی گەیاند و پێشی بەوە گرت کــە لە ئاســتی جیهانی دا پێگەی شیاوی خــۆی بــەدەســت بێنێ و لە بەستێنێکی بەرین و بەربڵاوانەتردا بدرەوشێتەوە.

«کوشێرۆ ماتسوورا» سکرتێری گشتیی ڕێکــخراوی یونسکۆ، لە تویی ڕاگەیێندراوێک دا کــە بە بۆنــەوە ی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە دەریــکــردووە دەڵێ: بە پێی ئەزموونەکان، زمان وەک هــۆکــاری ســەرەکــیی شوناسە تاکەکەسی و نەتەوەییەکان، بەستێنی بەرینی دەستەبەربوونی ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕاستای گەشەی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەکان دایە و ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاستای پێناسەی چراوچێوەکانی کارکردی زمانی زگماکی دا ئاماژە بەوە دەکا کە «فەرهەنگێکی ئاشتی خوازانە، تەنیا لە فەزایەک دا دەتوانێ دڕووست بێ کە تێیدا هەموان مافی ئەوەیان هەبێ بە شێوەیەکی هەمە چەشن و ئازادانە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا زمانی دایکیی خۆیان بەکار بێنن و کەڵکی لێ وەرگرن.

لــە دنــیــای ســــەردەم دا ئیتر ژمارەیەکی بەرچاوی کاربەدەستان و هــەڵــســوراوانــی ڕێــکــخــراوە دەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هاتووتەنە سەر ئەم باوەڕەی کە زمان لە ناوەندی هەموو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کومەڵایەتی و ئــابــووری و فەرهــەنگی دایــە و چیتر نکۆڵی لە بایەخە کردارییەکانی ناکرێ.

هەر بۆیەش پێویستە حکوومەتەکان ڕێوشوێنێکی وا ڕەچاو بکەن کە لە چوارچێوەی سیستمە پەروەردەییە ڕەسمی و غەیرە ڕەسمییەکانیان دا پێکەوەژیانێکی گونجاو بۆ هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. لەڕاستیدا ئەگەرچی جاران دروشم و داخوازیی زمانی زگماکی تەنیا وەک گوتاری بەشێک لــە خــەڵک و ڕووناکبیران وابــوو، کەچی بە ئەرخەیانییەوە ئێستا وەها بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە ڕیــشــەی قــورســی داکــوتــاوە کە تەنانەت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا وەک گوتار و داخوازییەکی گشتی و مافێکی ڕەوای ئینسانی و نەتەوەیی لــی هــاتــووە و ڕۆژبــەڕۆژیــش بەرچەستەتر دەبێتــەوە. وێدەچی ئیتر لە ســەردەمــی بەجیهانیبوون و وێڕای ئەو گەشە بێ سنوورەی ڕاگەیاندن و زانیارییەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، چیدێکە حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانن تاک و کۆمەڵی کوردەواری لە دەست پێڕاگەیشتن بــە فــێــربــوون و بەکارهێنانی زمــانــی کــوردی وەک یــەکێک لە سەرەکیترین ماف و داخوازییە ڕەوا و نەتەوەییەکانیان دوور بخەنەوە و پێشی پێ بگرن. هەر بۆیەش پێویستە کە هەموومان هــەردەم بە یەکەوە لە خەباتێکی بەرین و چالاکانەی بــەردەوام دابین بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ماف و ئامانجە ڕەوا و مرۆڤانەکەمــان و یــەک لــەوان خوێندن بە زمانی زگماکیمان واتە زمانی شیرینی کوردی و گونجاندنی ئــەو زمــانــە لــە تــوێــی سیستمی پەروەردەیی، لە قوتابخانەکانی وڵاتدا. بــەڵام نابێ تا ئەو کاتەش هەرگیز دەستەوەستان ڕاوەستین و پێویستە کە هەر کامێکمان لە نێو بنەماڵە و خێزانەکەی خۆمان دا، ماڵەوەمان وەک قوتابخانــەیــەکــی فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵەکانمان لێ بکەین و بە هــەمــوو جۆرێک و لە هەر لایەکەوە هەوڵی جیددی بدەین بۆ فێرکردنی نەوەکانی داهاتوومان بــە فــەرهــەنــگ و زمــانــی ڕەسەنی کوردی، کە خۆی هەنگاوێکی یەکجار گرینگ و پێشڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە یەکجارەکییەکان و ڕزگاری نەتەوەییمان.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 554 6 March 2011

مانگانە پڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization:H - SR: 27500 - FEC:5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

براوەکانی خەڵاتی ئۆسکار دەستنیشان کران

لە ڕیورەسمی ئۆسکاری ٢٠١١دا کە لە شاری لۆس ئەنجلیس بەڕێوەچوو، خەڵاتی باشترین فیلم پێشکەش بە «وتاری پادشا» کرا و «توم هوپێر» لە ڕێگەی ئەو فیلمە خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەری بەدەست هێنا و «کۆلین فریس» ئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمە وەکو براوەی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری یەکەم دەستنیشان کرا.

ئەو فیلمە کە لە (١٢) بەش بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندید کرابوو، سەرەڕای بەدەست هێنانی ئەو سێ خەڵاتە گرنگە، توانی خەڵاتی باشترین سیناریۆش بەدەست بێنێت.

فیلمی «دەستپێک» لە دەرهێنانی «کریستۆفێر نۆلان»یش توانی چوار خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بێنێت، بەڵام ئەو فیلمە ئەو خەڵاتانەی لە بەشی تەکنیکی بەدەست هێنا.

«کەنالی کۆمەڵایەتی»یش توانی سێ خەڵاتی خەڵاتی باشترین سیناریۆن باشترین موزیک و باشترین پێداچوونەوە بەدەست بێنێت.

«ناتالی پۆرتمەن» لە ڕێگەی فیلمی «The Black Swam» وەکو براوەی خەڵاتی باشترین ئەکتەری یەکەمی ئافرەت دەستنیشان کرا.

«کریستیەن بیل» و «ملیسا لیئۆ» لە ڕێگەی فیلمی «The Fighter» وەکو براوەی خەڵاتەکانی باشترین ئەکتەری دووەمی پیاو و ئافرەت دەستنیشان کرا.

فیلمی دۆکیۆمینتی «Inside Job» کە ئاماژە بە قەیرانی ئابووری ئەمەریکا لە سێ ساڵی ڕابردوو دەدا، وەکو براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمینتی دەستنیشان کرا.

لە بەرامبەردا لە بەشی ئۆسکاری باشترین فیلمی دەرەکی، فیلمی «لە جیهانێکی باشتر» لە دەرهێنانی «سوزان بییەر» بەرهەمی دەنیماریک توانی ئەو خەڵاتە بەدەست بێنێت.

فیلمی ئەنیمەیشنی «Toy Story ٣» بەرهەمی کۆمپانیای «دیزنی» وەکو براوەی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەنیمەیشن دەستنیشان کرا.

ڕیورەسمی هەشتا و سێیەمین خولی خەڵاتەکانی ئۆسکار بە پێشکەشکاری «جیمز فرانکو» و «ئان هاتاوی» لە هۆڵی کۆداک تیەتری شاری لۆس ئەنجلیس بەڕێوەچوو دەوترێ نزیک بە ٣٧ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار بینەری هەبووە.

قوتابیەکی کورد ٢ میدالّی زێڕی لە کێبەرکێی زانستی لۆس‌ئانجلیس وەرگرت

قوتابیەکی کورد لە کێبەرکێکدا کە لە دە بوارەی جۆراوجۆری خوێندندا لە قوتابخانەکانی لۆس ئانجلیس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچووە، توانی سەرکەوتنێکی گرینگ بۆخۆی دەستەبەر بکا و دوو میدالی زێڕی بردەوە.

زانیار مرادی کە قوتابی پۆلی کۆتایی دواناوەندیە لە ئەمریکا و بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەو کێبەرکێیانەدا کە ڕۆژی ١١ی فیوریە کۆتایی هات و، قوتابیانی ٦٤ قوتابخانەی دواناوەندی لە هەرێمی لۆس ئانجلیس و لە هەر قوتابخانەیەک ٩ کەس تێیدا بەشدار بوون، توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنی.

زانیار مرادی لەم کێبرکێیەدا لە نێوانی قوتابیانی ئەو ٦٤ قوتابخانەیەدا توانی دوو میدالی زێڕ وەرگرێ و هاوکات بەرزترین ئاستی نمرەکانیش بۆخۆی تومار بکا.

حەوتەمین فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی ژیار لە بیجار لە بەهاری داهاتوو بەڕێوە دەچێ

حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافی پارێزگای کوردستان بە ناونیشانی «ژیار»، بە نمایشکردنی چەندین کورتە فیلم و کردنەوەی پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی لە کۆتاییەکانی خاکەلێوەی ساڵی داهاتوو و لە شاری بیجار بەڕێوەدەچێ.

بە پێی ڕاپۆرتی تایبەتی بەشی هونەریی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر، حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافی پارێزگای کوردستان بە ناونیشانی «ژیار»، بە پاڵپشتیی ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران، نووسینگەی سنە و بە ئامانجی بردنەسەرێنی ئاستی زانیاریی، ئەزموون و ڕوانینی سینەماکارانی بواری کورتە فیلم و، هەروەها ناسین و ناساندنی بەهرەی لاوان لە سی بەشی ئازاد، تایبەت و لاوەکی لە شارستانی بیجار بەڕێوەدەچێ.

بەڕێوەچوونی فستیڤاڵێکی شانۆیی لە سەقز لە مانگی بانەمەری ساڵی نوێ دا

سەرۆکی ئەنجومەنی شانۆی سەقز ڕایگەیاندوە کە، لە مانگی بانەمەڕی داهاتوودا فستیڤالیکی گەورەی شانۆیی بە بەشداریی شانۆکاران پارێزگاکانی: کرماشان، سنە، ورمێ و لە شاری سەقز بەڕێوە دەچێت.

ناوبراو دەڵێ، ئەم فستیڤاڵە بە مەبەستی هەڵوێستەکردن لە تەوەرەکانی: چەمکی هاوولاتی بوون، پەرەپێدان بە فەرهەنگی شارنشینی، شار و بەجیهانی بوون، بەرنامە و پلان دانان بۆ شار، مافی هاوولاتیان، شار و ئیستعمار، شار و بەسالاچوان، شار و خواردن، هاوولاتی و هاتووچۆی نێوشار، هاوولاتی و مێعماریی شاری و دەیان تەوەری دیکەی لەم چەشنە، بەڕیوە ئەچێ.

لەو پێوەندییەدا ناوەندی هەواڵنێریی سەقز بڵاوی کردۆتەوە کە ئەم فستیڤاڵە لە سێ بەشی شانۆی دیمەنی، شانۆی سەرشەقام و شانۆی بووکە شووشەیی بە هاوکاریی دەفتەری کاروباری شاری و شووڕاکانی پارێزگای سنە و شووڕای شاری سەقز و شارەداریی ئەم شارە بەڕیوە دەچێ.

دیاری کردنی سنووری کوردستانی گەورە لە لایان کۆمپانیای گوگڵ

یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهانی «گوگڵ» بۆ یەکەمین جار سنووری کوردستانی گەورە لە نێو نەخشەی (گوگڵ مەپ) دیاری دەکات.

لەم نەخشەیەدا هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕوونی لەسەر یەک نەخشەی یەکگرتوو دیاریکروان بەناوی نەخشەی کوردستانی گەورە.

بەو پێیەش لەمەودوا بەهۆی گوگوڵ مەپەوە هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان زۆرترین زانیاری لەسەر کوردستان پەیدا بکات چونکە ئێستا نەخشەی کوردستانی گەورە لەسەر گوگڵ مەپ شوێنی خۆی گرتووە دانیشتوانی هەر شوێنێکی دنیا بەئاسانی دەتوانن سەردانی کوردستانی گەورە بکەن لەڕێگەی گوگڵەوە.



بەر لە ماڵاوایی

لە بیست ساڵەی ڕاپەڕینی مێژوویی دا

هەرێمی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی هەستیاردا

قادر وریا

لە ٥ی ئازار (مارس)ی ئەمساڵدا، ٢٠ساڵ بەسەر دەسپێکی ڕاپەڕینە جەماوەرییە مێژوویی‌یەکەی ١٩٩١ی باشووری کوردستان دا، ڕابرد.

٢٠ساڵ لەمەوبەر، سوپا و دامەزراوە جەنگی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق، بە شوێن داگیرکردنی وڵاتی کوویت و هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دا بە مەبەستی ڕزگار کردنی کوویت لە دەست ئەو ڕێژیمە، زەبریکی گەورە و شکستێکی سەرشۆڕانەیان پێ برا. گەلی کورد لە عێراق کە چەند دەیە بوو بە دەست ئەو ڕێژیمەوە کە تەنیا نەهامەتی و کوشتاری بە کۆمەڵ و ڕاگوێزران و ویرانیی دیبوو، دەرفەتەکەی قۆستەوە و لەدژی دەسەلاتی دڕندەی بەعس ڕاپەڕی. ڕاپەڕینێک کە دەسپێکەکەی هەڵکوتان بۆسەر بنکە و بارەگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ڕانیە لە ڕۆژی ٥ی ئازار دابوو، لە ماوەی دوو حەوتوودا زۆربەی ناوچە و شارو گوندێکی باشووری کوردستانی گرتەوە و جەستەی زامدار و شەکەتی ئەم نیشتمانە جوانەی تەنانەت لە کەرکووکی هەرگیز ڕزگاری نەدیویش، لە دەسەلاتی شوومی بەعس پاک کردەوە.

ئەگەرچی شارو ناوچە ڕزگارکراوەکان و لە پێشەوەی هەموویان کەرکووک، بە شوێن سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە مەزنەدا، کەوتنە بەر پەلاماری سوپای عێراق و بە زووبی ڕێژیمی عێراق دەستی بەسەر بەشێک لە شارو ناوچەکاندا گرتەوە، بەڵام لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، کۆچی میلیۆنیی دانیشتوانی باشووری کوردستان، بەرەو سنوورە شاخاوییەکانی تورکیا و ئێران وەری کەوت. ئەم کۆچە میلیۆنییە کە لە سەرماو سەخڵەتی کوتایی مارس و سەرەتای ئاوریلدا بەڕێوەچوو و بە "کۆڕەو" ناوی دەرکرد، لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە سەرنجی دنیای بۆلای ڕووداو و کارەساتە مرۆییەکانی باشووری کوردستان ڕاکێشا و وێژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند. لەژێر گوشاری بیروڕای گشتی دا، ئەم کۆڕەوە بریاری گرنگی ئەنجومەنی ئاسایش و قەدەغە بوونی فرینی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بەسەر هێلی ٣٦ دەرەجە لە باکووری عێراقی دا لێ کەوتەوە. بەم جۆرە پرسی کورد لە عێراق ڕەهەندی نێودەوڵەتیی وەرگرت و لە سێیەمی ناوچەی پارێزراو و پشتیوانی نێودەوڵەتی دا، بزووتنەوەی کورد بەشوێن نزیکەی ساڵێک وتوویژی بێ ئاکام لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، کەوتە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی هەرێمی و، بەدوای هەڵبژاردنێکی فرە حیزبیانەی سەرانسەری لە بەهاری ١٩٩٢دا، پارلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند.

ئەوەی لە بیست ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە دیتوە، ئەگەرچی لەم نووسینە کورتەدا ناکری بپڕژێمە سەری، گۆڕانێکی سیاسی و هەمەلایەنەی بەردەوامی لە سەریەک ڕوو لە پێشەوەیە. ئەو ئالوگۆڕانەی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی عێراق لە بەهاری ٢٠٠٣ و ڕزگار بوونی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دواتر دروستبوونی سیستەمێکی فیدڕاڵی لە عێراقدا ڕوویان دا، سیما و خسلەتێکی کاملخوازانە و ڕوو لە جێگیربوونیان بە دەسکەوتەکانی کورد لە عێراق بەخشی. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەزموونی دەسەڵاتدارەتی کورد لە عێراق هەروەها کە لە دەرەوەی سنووری دەسەلاتدارەتییەکەی ، لە نێوخۆی عێراق و لە دنیادا، هەوڵی جێ پێی خۆی قایمکردن و پەرەگرتن دەدا، لە نێوخۆشی دا لەگەڵ ویست و ئیرادەیەکی ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بەرەوڕوویە کە نوێبوونەوە و قووڵکردنەوەی ئازادییە سیاسی و دێموکراتیکەکان و بایەخدان بە دابەڕوەریی کۆمەڵایەتی و کوتایی هێنان بە گەندەڵی و سووتاندنی دەرفەتەکانی، لێ داوا دەکا.

لە ٢٠ ساڵەی ڕاپەڕینی مێژوویی باشووری کوردستاندا، سەرۆکایەتیی سیاسی، پارلمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێم و بەگشتی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەخێل لە چارەنووسی گەلی کورد لە عێراقدا، بەرەوڕووی تاقیکردنەوەیەکی هەستیار بوونەتەوە. چۆن دەکرێ بە ئاگاداری لە هەموو ئەو پیلانە جۆراوجۆرانەی بۆ ئەزموون و دەسکەوتەکانی کورد لە عێراقدا لە کەمین دان، بە جۆرێک بەرەوڕووی قەیرانی ئێستا ببنەوە کە هەم بەڕژەوەندی نەتەوەیی کە پاراستنی یەکیەتی و یەکگرتوویی گەلی کورد و مەوقەعییەتی سیاسی و حقووقیی ئێستای هەرێمی کوردستانە، بپارێزن، هەم ئەو ئەزموونی دەسەڵاتدارەتییە بە جۆرێک دەوڵەمەند و کامڵ بکەین کە وڵامدەری ویست و داخوازەکانی خاوەنانی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین بێ کە هەمان خەڵکی کوردستانن؟